دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٨٢

چوارشەممە ـ ٢٩ی رەشەمەی ١٣٨٦ ـ ١٩ی مارسی ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



## نەورۆزتان پیرۆز

خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"!

ئەم ژمارەیەی "کوردستان" لە بەرەبەری جیژنی نەتەوەیی نەورۆزدا بڵاو دەبێتەوە. بەم بۆنەیەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستانو هەموو کوردێك لە هەر جێگایەکی جیهانو هاونیشتمانانمان دەکەین. بەو ئاواتە کە نەورۆزی سەرکەوتنی یەکجاری نزیك بێو رۆڵەکانی نەتەوەکەمان نەك هەر لە باشوور لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا لە کەشێکی ئازاددا بە پیل بۆنە نەتەوەییەکانەوە بچن.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

### کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

# پێی لەسەر ستراتژییەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داگرت

## کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆتایی بە کارەکانی هێنا



دیمەنێك لە بەشدارانی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە رۆژانی ٦ تا ١٣ی مارسی ٢٠٠٨ (١٦ تا ٢٣ی رەشەمەی ١٣٨٦) چاردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە رێورەسمی دەست پێکردنی کۆنگرەدا، جگە لە ئەندامانی رێبەریو نوێنەرانی هەڵبژێراوی کۆنفرانسەکانی حیزب لە کوردستانو دەرەوەی وڵات، چەندین تێکۆشەری لەمێژینەو کۆمەڵێك لە بنەماڵەکانی شەهیدانی حیزب بەشدار بوون.

رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیبو دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی رێگای ئازادی دەستی پێکرد. پاشان قادر وریا بە نوێنەرایەتی لەلایەن کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە نوێنەرانو میوانانی کۆنگرەی بەخێرهاتن کردو لەم پێوەندییەدا وتەیەکی پێشکێش کرد. دواتر تێکۆشەری دێرین، فەتاح کاویان بە وتەیەکی کورت کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردەوە. هەروەها لەم رێورەسمەدا، راپۆرتی کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە پێشکێش کراو کۆمەڵێك لەو پەیامانەی بۆ کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتبوون خوێندرانەوە. لە درێژەی رێورەسمی دەست پێکردنی کۆنگرەدا، کۆمەڵێك سروودو گۆرانی پێشکەش کران.

لە دوانیوەڕۆی رۆژی ١٦ی رەشەمەوە تا یەکەم سەعاتەکانی ٢٤ی رەشەمە، کۆنگرەی چاردەیەم ٨ رۆژی پڕ لە کارو چالاکیی تێپەڕ کرد. لە ماوەی ٨ رۆژ کاری بەردەوامو چەندین کۆبوونەوەدا، بەشدارانی کۆنگرە، یەك بە یەکی ئەو کارانەی لە دەستووری کاری کونگرە دا بوون هێنایانە بەرباس. راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرە، گەڵاڵەی بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی تازەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، ئارمی حیزب و بەڵگەنامەکانی دیکەی ئەم کۆنگرەیە، لە فەزایەکی تەواو دیمۆکراتیك دا لەلایەن بیروبۆچوونە جیاوازەکانەوە کەوتنە بەرباس و بڕیاری پێویستیان لە بارەیەوە درا.

کۆنگرە هەر وەك لەلایەن هێزو رێکخراوەو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە پەیامی بۆ هاتبوو، بۆ زۆر لەو لایەنانەی بە تاسەوە چاوەڕوانی کارەکانی ئەم کۆنگرەیە بوون، پەیامی ناردوە. دوا بڕگەی کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی جێگر بوو کە دوایین رۆژی کاری کۆنگرە و بە دوای بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی کۆنگرە لەم کارەدا و لە ململانێیەکی دیمۆکراتیك و دۆستانە دا، بەڕێوە چوو.

دوابەدوای هەڵبژێرانی ئەندامانی رێبەری، کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا کومیتەی ناوەندی بەڕێز خالید عەزیزیی بە وتەبێژی خۆی هەڵبژاردو بە بەشدارانی کۆنگرەی ناساند.

## راگەیەنراو:

## کۆتایی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان!

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

گەلانی خەباتگێڕی ئێران!

دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرانسەری جیهان!

بە خۆشحاڵیو شانازییەوە رادەگەیەنین کە چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هەشت رۆژ کاروتێکۆشان، بەرەبەیانی رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٦ (١٤ی مارسی ٢٠٠٨) سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. لە کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا نزیکەی دووسەد ئەندام لە نوێنەرانی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب، ئەندامانی رێبەریی پێشوو، و نوێنەرانی ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستانو وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانو ژمارەیەکیش لە ئەندامانی حیزب وەك میوان بەشدار بوون. کۆنگرە لە رێورەسمێکی بەرین دا بە بەشداریی ژمارەیەك میوانو چەندین بنەماڵەی شەهید بە وتەکانی تێکۆشەری دێرین فەتتاحی کاویان کرایەوە. هەر لەو رێورەسمەدا کۆمەڵێك لەو پەیامانەی لە لایەن حیزبو رێکخراو و کەسایەتییەکانی دوستی حیزب بۆ کۆنگرە هاتبوون خوێندرانەوە.

یەکەم بڕگەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە باس لە سەر راپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی چواردەیەمی حیزب. راپۆرتی سیاسی بە شێوەیەکی پوختو چڕوپڕ ئاماژەی بە چەندین تەوەری گرنگ لە بارەی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان، پێوەندیی زلهێزەکانو وڵاتانی دیکە، تیرۆریزم، زلهێزەکانو گەلانی زۆر لێکراو، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەراست، مەسەلەی کورد، ئێران، هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانو بارودۆخی ئەم حیزبە دوای لەتبوون، ئەرکەکانی سەرشانی ئەندامانی حیزب، پرۆژەو هەڵوێستەکانی حیزب لە بارەی پێوەندییە نێوخۆییەکان، دروشمی ستراتژیكو هەروەها هێڵە گشتییەکانی رێبازی حیزب کردبوو. راپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرە دوای چەندین سەعات باسو لێدوانی راشکاوانەو رەخنەگرانەو دەسکاریی پێویست، بە زۆربەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند کرا.

٢

## بەشداریی ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیدا



رۆژی یەکشەممە، ٢٦ی رەشەمە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هەواڵنێرانی دەزگاکانی راگەیاندنی باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسی، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی بۆ بەڕێزان خالید عەزیزی، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی و مستەفا شەڵماشی، قادر وریا، کوێستان گادانی و هێمن سەیدی ئەندامانی تازە هەڵبژێراوی کۆمیتەی ناوەندی پێك هات.

کۆنفرانسەکە بە دوای راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادی پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە دەستی بە کار کرد و تێیدا کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئاکامەکانی و بەرنامە و پلانی داهاتووی حیزب شی کرانەوە. شایانی باسە کاك خالیدی عەزیزی لە سەرەتای ئەو کۆنفرانسەدا وتەیەکی پێشکەش کرد کە دەقەکەی لە لاپەڕی ٥ دایە. لە ژمارەی داهاتووی "کوردستان"دا راپۆرتێك لەم بارەیەوە بڵاو دەکرێتەوە.

## راگەیەندراوی

# کۆتایی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

تەوەرێکی دیکەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە باس لەسەر گەڵاڵەی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی تازەی حیزب. لەم تەوەرەیەش دا ئەندامانی کۆنگرە بە بەشداریی چالاکانەیان لە باسەکانیان دا دەسکاریی پێویستیان لە گەڵاڵەی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆدا کردو بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا.

بەرنامەو پێرەوی نێوخۆی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرنجدان بە هەلومەرجی نوێی کوردستان، ناوچەو جیهان‌و گرنگیدان بە گوتاری نەتەوەیی‌و پێویستیی دێموکراسی‌و پلۆرالیزمی سیاسی بۆ ئیدارەی کۆمەڵ‌و وڵات‌و، دیسانترالیزە بوونی ئۆرگانیزاسیۆنی حیزب‌و کرانەوەی زیاتری حیزب لە نێوخۆو بەرووی دەرەوەدا ئامادەو پەسند کراوە.

لە درێژەی کاری کۆنگرەدا گەڵاڵەی بڕیارنامەیەکی گرنگ خرایە بەر نەزەری کۆنگرە کە پاش نەزەرات‌و تێبینی‌و دیالۆگێکی گەرم لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا.

کۆنگرە لە درێژەی کارەکانی خۆیدا چەند پەیامی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی، خەڵکی خەباتگێری کوردستان، رووناکبیران‌و چالاکانی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌و هێزو لایەنەکانی دیکەی کوردستان نارد.

دوایین تەوەری کاری کۆنگرە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو. لەم بەشەی کاری کۆنگرەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەران‌و رووناکبیرانی نێو حیزب، کەسانی لێهاتووو خاوەن ئەزموون‌و ژنانی ئەندام لە حیزب لە دەرەوەو کوردستان کاندیداتۆریی خۆیان راگەیاند. ئەندامانی کۆنگرە بە گیانێکی بەرپرسانەو بە شێوەی نهێنی دەنگیان بە کاندیداتۆرەکانی جێگەی پەسندی خۆیان داو ئەو بەشەش سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرانسەری جیهان دا!**

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك چاوەڕوان دەکرا گەلێك بڕیارنامەو راسپاردەی نوێی پەسند کردوون‌و دەرگایەکی نوێی بەرووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کردۆتەوەو خوێندنەوەیەکی تازەی لە بارەی پێوەندی‌یە نێو خۆیی‌یەکانی حیزب‌و دێموکراتیزەکرانی زیاتری ئەم پێوەندی‌یانەو تێروانین بۆ دەروەی حیزبی خستۆتە بەردەم داهاتووی تێکۆشانی ئەم حیزبە. لە کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دروشمی ستراتیژیی حیزب ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووەو دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک‌و فیدراڵ دا وەك دروشمی ستراتیژیی حیزب دیاری کرا. "حیزبی دێموکراتی کوردستان" ئەو ناوەی کە ئەم حیزبەی پێ دامەزراو پێی ناسرا وەك ناوی حیزب پێی لەسەر داگیرایەوەو پەسند کرا. کۆنگرە لە لێکدانەوەی سیاسی‌و بڕیارو پەسند کراوەکانی‌دا بایەخێکی تایبەتیی داوە بە پێویستیی یەکیەتی‌و هاوکاری چ لە ئاستی نەتەوەیی‌و چ لە ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان داو، ئەو پشتیوانییەی لە ئاستی جیهان دا بۆ خەباتی نەتەوە زۆر لێکراوەکان بەدی دەکرێ بەفاکتەرێکی گرنگ‌و بە قازانجی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دەزانێ.

کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خاوەنی زۆر تایبەتمەندیی نوێ‌و دێموکراتیك بوو کە تا رادەیەکی زۆر ئەم کۆنگرەیە لە کۆنگرەکانی پێشووی ئەم حیزبە جیا دەکاتەوە. رێژەی بەشداریی ژنان لەم کۆنگرەیەدا بەر چاوتر لە رابردوو بوو و، دەستەبەر بوونی حوزووری ئەوان لە ئاستی رێبەرایەتی لەم کۆنگرەیەدا رچەشکێن بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم حیزبەدا رێژەی بەشداریی ژنان لە رێبەریی حیزب دا نزیك لە ٢٠٪ ە. رادەی بەشداریی نوێنەران لە بەدەنەی حیزبدا بێ وێنە بوو. پەراکەندەیی جوغرافیایی ئەندامانی حیزب زۆر بەربڵاوو فرەوان بوو و ئەندامانی ئاشکرای حیزب لە شوێنە دوورو نزیکەکانی جیهان‌و کوردستان بە رێژەیەکی زۆر کە لە مێژووی حیزب دا نەدیتراوە نوێنەریان بۆ کۆنگرە ناردبوو. رادەی جۆراوجۆری لە بیروبۆچوونی جیاوازدا لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزب بوو.

گیانی رەخنە گرتن، بەشداریی چالاکانە لە باس‌و مناقشەکان‌دا بە شێوەیەکی راشکاوانەو شارستانیانە باڵی بەسەر کەشوهەوای کۆنگرەدا کێشابوو و کەشی ئازادو ئازایەتیی ئەندامانی کۆنگرە بوون بە هۆی ئەوە کۆنگرەیەکی شایانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك بێ‌و سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی بێنێ.

سەرکەوێ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناوی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیك‌و فیدراڵ دا

بڕووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ بەرنامەو ئامانجەکانی کۆنگرەی چواردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کومیتەی ناوەندیی حیزبی
دێموکراتی کوردستان
٢٥ی رەشەمەی ١٣٨٦
١٥ی مارسی ٢٠٠٨

---

## بەیاننامە

# بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنەوە



رۆژی هەشتی مارس رۆژی جیهانیی ژن دەرفەتێکە بۆ بەرزڕاگرتنی رەنج و تێکۆشانی هەموو ئەو مرۆڤە سەربەرزانەی لە پێناوی هاوڕێزیی رەگەزیدا خەبات دەکەن. ئەوە کە هێندێک جار رۆژی هەشتی مارس، رۆژی جیهانیی ژن، وەک تاکە ڕۆژی ژن لە ساڵدا ناودەبرێ، دربڕی ئەو راستییە تاڵەیە کە هێشتا لە نێوان دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتیی تێکەڵ بە هاوڕێزیی رەگەزی لە لایەک و واقعی تاڵی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکاندا، بۆشاییەکی بەرفراوان هەیە. ئەگەر هاوڕێزیی رەگەزی هێشتا لە نێو پێشکەوتووترین کۆمەڵگا هاوچەرخەکانیشدا بەتەواوی نەچەسپاوە، ئەوا بێگومان بارودۆخەکە لە نێو کۆمەڵگا پەرەئەستێنەکانی وەک کۆمەڵگای کوردەواریی ئێمەدا زۆر لەوەش خراپترە.

نایەکسانییەکی ساختاری کە پشت بە کولتوورێکی پیاوسالارانەی رەگداکوتاو دەبەستێ، بەجۆرێک فۆڕمی بە شێوەی بیرکردنەوە و رەفتاری کۆمەڵایەتیی ئێمە لە واتا بەرفراوانەکەیدا بەخشیوە، کە ئیتر زەحمەتە بوارێکی ژیان ببینینەوە کە ئەو نابەرابەرییە تێیدا رەنگی نەدابێتەوە. دانپێدانانێکی زۆر سەیریش نیە ئەگەر بڵێین ئەو نابەرابەری و کەموکوڕییانە رەنگدانەوەی خۆی لە نێوگۆڕەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیشدا بووە. راستییەکەی ئەوەیە کە رۆڵی ژن لە گوتاری ناسیۆناڵیستیی کوردیشدا زۆر لە نموونە هاوشێوەکانی لە نێو وڵاتان و گەلانی دیکەی جیهاندا جیاواز نەبووە. ژنان ئەگەر لە لایەکەوە نەخشێکی بەرچاویان لەو بزووتنەوەیەدا، چ وەک تاکەکەس و چ وەک ئەندامی بنەماڵە گێڕاوە، بەهەمان شێوە لە رەنج و کارەسات و نەهامەتییەکانی ئەو بزووتنەوەیەشدا بەشداربوون. نەخشی جیاجیای ژنان لەو بزووتنەوەیەدا جا چ وەک پێشمەرگە، چ وەک دایک یان ژن و مندالی پێشمەرگە و چ وەک دایک یان ژن و منداڵی شەهیدانی ئەو بزووتنەوەیە، تۆماری زیندووی رەنج و ئازاری ژنانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەمانن.

ئەگەر خەسڵەتە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بە شێوەی خۆی نایەکسانییەکی ساختاریی بە سەر ژنانی کۆمەڵگاکەماندا سەپاندوە، ژیان لە سایەی سیستمی دینسالار و دواکەوتووانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رەنجێکی دووقات و بگرە چەند قاتی بەسەر ژنانی ستەملێکراوی کۆمەڵگای کوردەواریی ئێمەدا سەپاندوە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییانەی سەرەوە، سەرنجدانێکی گشتی لە هەلومەرجی کۆمەڵگای ئێمە، دوو رەهەندی بەرواڵەت پێچەوانە لە ژیانی ژنان دەهێنێتە بەرچاو: رووکارێکی هەلومەرجەکە دیمەنی تەنگ‌پێهەڵچندراویی ژنان بە دەست دابونەریتە کۆنەپەرستانەکانەوە، هەڵاواردنێکی چەند قاتی رەگەزی وەک ژنی کورد لە ئێراندا، توندوتیژیی بنەماڵەیی لە واتا بەرفراوانەکەیدا و؛ زەبروزەنگی شەرەفپارێزانە و گەلێک جۆری دیکەی هەڵاواردن و ابەرابەریی کولتووری و سیاسی و یاساییمان دەهێنێتەبەرچاو. بەڵام ئەو دۆخە نالەبارە تەنیا رووکارێکی مەسەلەکەیە؛ لەو شوێنەی ستەم هەیە بەرەنگاربوونەوەش دروست دەبێ: ئەگەر ژنانی کورد بەگشتی لە ژێر نیری کولتووری باوکسالارانەی کۆمەڵگاکەماندا مێژوویەکی دوورودرێژی هەڵاواردن و ستەملێکراوییان ئەزموون کردووە، بەڕووی ئەودیوی مەسەلەکەدا، ئێمە رۆژانە شایەتی ئاخێزی بزووتنەوەی ژنان و وەدرکەوتن و تێکۆشانی بوێرانەی کیژان و ژنانی پێگەیشتوو و تێگەیشتووی کوردستانین، جا چ لە بەرامبەر دابونەریتە دواکەوتووانەکانی کۆمەڵگادا و چ لە بەرامبەر زۆردارانی کۆنەپەرستی حاکم بە سەر ئێران و کوردستان دا.

کەواتە زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین؛ کێشەی ژنان و مەسەلەی نایەکسانیی رەگەزی تەنیا شتێک نیە کە بەرپرسایەتیی ئەخلاقیمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان لا دروست بکا؛ کێشەی هەڵاواردن و نایەکسانیی رەگەزی، هەوێنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن ئایندەیە کە دەبێ بزووتنەوەی سیاسیی ئێمەش پشتی بگرێ ، یارمەتی بە گەشە سەندنی بکا و هەوڵ بۆ قووڵبوونەوە و فراوانبوونەوەی لە سەر ئاستە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە بە دروشمی نوێبوونەوەوە پێ دەنێتە نێو قۆناغێکی نوێ و گرینگی خەباتی هەقخوازانەی خۆی، لە گەڵ پیرۆزباییکردن لە رۆژی جیهانیی ژن، بەڵێن بە هەموو مرۆڤە پێشکەوتوو و یەکسانیخوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەدا کە هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ هەتا ژنان لە چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ئێمە دا نەک هەر بەستێنی بەشداریکردنێکی چالاکانەیان بۆ برەخسێ، بەڵکوو بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ کە کەڵک لە هەموو توانا ماددی و مەعنەوییەکانی خۆی لە پێناوی ئاڵوگۆڕیی بنەڕەتی لە شێوەی بیرکردنەوە و کولتووری هێشتا پیاوسالارانەی کۆمەڵگا، بە قازانجی ژنان و بزووتنەوە رەواکەیان وەر بگرێت.

سڵاو لە رۆژی جیهانیی ژن!
سڵاو لە ژنانی تێکۆشەر و هەموو خەباتکارانی رێگای هاوڕێزی!

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی
کوردستان
٢٠٠٨/٣/٨
١٣٨٦/١٢/١٨

## هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

## سەردەشت

### چالاکیی تەبلیغاتیی تێکۆشەرانی حیزب

شەوی ٢٣ی رەشەمە، ئەندامانی حیزب لە شاری سەردەشت لە پێوەندی لەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دا، وێڕای پیرۆزبایی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، لەو شوێنانەی خوارەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو دروشم و بڵاوکراوەکانی حیزبیان خستە بەرچاوی خەڵك:

گەڕەکی گردە سوور، مزگەوتی کانیخان، بلواری حەوتی تیر، شەقامی جەدیدی ئیستادیۆم، شەقامی بەناو عوسمان بەریاجی، شەقامی پیروزی، شەقامی ئیمام خومەینی، کەمەربەندی، جادەی بێوران، دەوروبەری بیمارستانی سەردەشت، گەڕەکی قەبران، سێ ڕای ژاژۆکەی، شەقامی دەبیرستانی ئیمام، پێش دانشگاهیی کچان.

## سەقز

### لیباس شەخسییەکان رێگە لە کۆبوونەوەی ژنان دەگرن

کۆمەڵێك لە ژنانی شاری سەقز بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ژن "٨ی مارس"، لە مەیدانی هەڵۆی سەقز کۆدەبنەوە تا رێورەسمێك بە بۆنەی ئەو رۆژەوە پێك بێنن. بەڵام هێزەکانی رێژیم بە پەلە بە کابڵو باتۆمەوە دەرژێنە شوێنی کۆبوونەوەکەو زوو بڵاوەیان پێ دەکەن. دوای بڵاوە پێکردنی ژنان، کۆمەڵێك لاو و گەنجی خوێن گەرم دەستیان کرد بە تەقاندنی تۆقتۆقیلکە (ترقه) و بۆ ماوەیەك دەستیان کرد بە شادی کردن.

## نەلاس

### تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزی ئینتزامی

١٦ی رەشەمە هێزەکانی ئینتزامی رێژیم لە شارۆچکەی نەلاس هێرشیان کردە سەر ماشێنی کاسبکارانی ناوچەو لە ئاکام دا لەگەڵ بەرگریی خەڵکی قارەمانی نەلاس بەرەورووبوونەوەو شووشەی ماشینەکانیان شکێنرا.

## مەهاباد

### بڵاو بوونەوەی حەبی هۆشبەر (روانگردان) بە شێوەیەکی بەرین

جۆرێك حەبی هۆشبەر بە ناوی (روانگردان ئیکس) بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شاری مەهابادا بڵاو بۆتەوە. ئەو حەبانە لە وێنەو فۆرمی جوانو جۆراوجۆرو سەرنج راکێش وەك دڵ، وێنەی ئاژەڵانو.... لە بەر دەستی خەڵك دانو تائێستاش بەکارهێنانی ئەو حەبانە کارەساتی گیانیی گەورەی لێ کەوتوتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا رێکەوتی ١٥ی رەشەمە دوو لاوی ١٨و ٢٤ ساڵە دوای بەکارهێنانی ئەو حەبانە گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانە.

### ئیدارەی ئیتلاعات لە مەهاباد پێش بە رەشبەڵەکی کوردی دەگرێ

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد لە فەرمانێك دا بە خاوەنی هەموو تالارو سالۆنەکانی جێژنو زەماوەندی ئەو شارەیان راگەیاندوە کە نابێ کوڕانو کچان پێکەوە بچنە نێو ئەو سالۆنانەو هەڵپەڕکێ بکەن.

ئێستا خەڵکی شار بۆنەو زەماوەندەکان لەنێو کۆڵانەکاندا بەرێوە دەبەنو ئامادە نین مل بۆ ئەو داواکارییەی ئیتلاعات دانەوێنن.

## بەهۆی تەقینەوەی پەرامێز کچێك گیانی لەدەست دا



کچێك بە ناوی شەمێران فەقێ نەبی تەمەن ١٧ ساڵە دانیشتووی گوندی ئیزۆپ لە نێوان کۆیە ـ چوار قورنە بە هۆی تەقینەوەی پەرامێز سووتاو و دەستبەجێ رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجێنسیی شاری سلێمانی کرا. بەڵام بە داخەوە بە هۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی رۆژێك دواتر گیانی لەدەست دا.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەیو کەسو کاری شەمێرانی جوانەمەرگ دەکەین.

## مەهاباد

### کۆچی دوایی ئەندامێکی رێکخستنی نهێنیی حیزب

رێکەوتی ٢٠ی رەشەمە، ئەندامێکی رێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی "عەبدولرەحمان دوونان" کوڕی حاجی خەلیل خەڵکی گوندی سەرچناری ناوچەی چۆمی مەجیدخانی سەر بە شاری مەهاباد لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری و خەڵکی ناوچەی چۆمی مەجیدخان دەکەین.

## مەهاباد:

### ٣ ئەندامی بنەماڵەیەك گیانیان لە دەست دا

رۆژی ٣شەممە، ٢١ی رەشەمە ٣ ئەندامی بنەماڵەیەك لە کۆڵانی هەمزە ئاوارەی سەر مەیدانی ئیستقلالی شاری مەهاباد گیانیان لە دەست دا.

زارا ئەحمەدزادەو کچێکی ٣ ساڵەی بە ناوی ژاکاو بە هۆی بەکار هێنانی شلەی پاککەرەوە (مایع سفیدکننده) لە حەمامدا خنکان و گیانیان لە دەست دا. پاش ئەوەی ئەبوبەکر باڵوێز، مێردی زارا دەگەڕێتەوە ماڵ و چاوی بە تەرمی ژن و منداڵەکەی دەکەوێ، تووشی راوەستانی دڵ دەبێ و گیانی لە دەست دەدا.

## زیندانیی سیاسی "کاوە عەزیز پوور" دیسان گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە



"کاوە عەزیز پوور" کە لە زیندانی شاری مەهاباد دەستبەسەرە لەبەر بارودۆخی نالەباری جەستەییو رووحیدا

رێکەوتی ١٥ی رەشەمە بۆ جاری دوویەم رەوانەی نەخۆشخانە کرایەوە.

ناوبراو تەمەنی ٢٥ ساڵەو خەڵکی ئاوایی "دریاز"ی مەهابادەو ماوەی دوو ساڵو نیو لەمەوبەر لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردستانیەکان دەسبەسەر کراوەو لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دایە.

## سپاسو پێزانین



لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٢/١٦ ئازیزی بنەماڵەکەمانو کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاك «محمدگادانی» لە وڵاتی نۆروێژ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو بە دوای ئەودا «عصمت خانم گادانی» کچی گەورەی کاك حاجی سمایل گادانی تووشی جەڵدە هاتو ماڵئاوایی لێ کردین.

لە رۆژی کۆچی کاك محمدەوە تا ئێستا

لە ناوخۆی وڵات بە گشتیو بەتایبەتی لە شاری مەهابادو دەوروبەرو هەروەها لە نۆروێژو سوئیدو زۆربەی وڵاتانی ئورووپاییو ئەمریکاو ئوسترالیاو لە کوردستانی باشوور، هاونیشتمانانو حیزبە کوردستانی‌یەکان بە تێکڕاو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتیو رێکخراوە جۆراوجۆرەکانو کەسایەتی‌یەکان بەم بۆنەیەوە هاودەردو هاوخەممان بوونو بە هەر شێوەیەك بۆیان لوا بێ لە رێگەی تەلەفون، ئیمێلو نامەو یا بە ئامادە بوونی خۆیان لە رێوڕەسمی بە خاك سپاردنی ئازیزانی کۆچ کردوومان لە ئۆسلۆو مەهاباد، بە بەشداریی بەرینیان لە پرسەو سەرەخۆشیی چەند رۆژە لە شارەکانی مەهاباد، ئۆسلۆ پایتەختی نۆروێژ، ئۆرۆبرۆ لە سوئێدو ڤیەن پێتەختی ئۆتریشو شاری کۆیەی کوردستانی باشوور هاوبەشی هەڵگرتنی ئەو خەمە گەورەیان دەگەڵ کردووینو بە راستی قورسایی باری گرانی پەژارەی لە دەستچوونی ئەو خۆشەویستانەیان لە سەر شانو دەروونمان کەم کردۆتەوە.

بەم هۆیەوە سپاسی بێ‌پایانی خۆمان لەو هەموو دڵسۆزیو هاوسۆزیو هاوخەمییەتان دەردەبڕینو مەمنوونی لوتفی بێ‌دریختانین. جێگەی خۆیەتی کە لێرەدا مەمنوونیەتی خۆمان لە هاوکاری دڵسۆزانەی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژو کارگێڕانی کورد کاناڵو رادیۆ دەنگی کوردستان دەربڕین.

ئێمەش بە نۆبەی خۆمان بەڵێن دەدەین هەتا هەین لە رێگەی رزگاریی کوردو کوردستان دا تێکۆشینو داوای تەمەن درێژی بۆ هەموو ئێوە خۆشەویستان دەکەینو سەرکەوتننتان بە ئاوات دەخوازین.

بە حورمەتەوە

بنەماڵەی گادانی

١٦ی رەشەمەی ١٣٨٦

## پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا روو لە هەڵکشانە



وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤی خۆیدا کە رۆژی سێشەممە بڵاو کرایەوە، رایگەیاندوە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧دا خراپتر لە رابردوو بووە.

بە پێی ئەو راپۆرتە کە باس لە دۆخی مافی مرۆڤ لە زیاتر لە ١٩٠ وڵاتی جیهان دەکا، کۆماری ئیسلامیی ئێران رێگا بە هاووڵاتان نادا لە رێگەی هەڵبژاردنی ئازادو عادڵانە، ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئاشتی خوازانە پێك بێنن. راپۆرتەکە دەڵێ:" هەواڵی ئێعدامی ناڕەوا بە دوای دادگایی ناعادڵانە لە ئێراندا بڵاو بوونەتەوەو هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم هاووڵاتان بە تاوانی سیاسی دەڕفێنن. شکەنجە و سزای بە فەرمی قەدەغەکراو وەك بەردەباران، پەڕاندنی ئەندامی لەش، قامچیو کەڵك وەرگرتن لە شێوازی نایاسایی دژی نارازییان و زیندانی کردنیان هەروا درێژەی هەیە."

لەو راپۆرتەدا رەخنە لە نەبوونی دەزگایەکی دادی سەربەخۆو بەڕێوەنەچوونی موحاکمەی تاوانباران بە شێوەیەکی ئاشکراو عادڵانە لە کۆماری ئیسلامی دا گیراوە.

بەربەست کردنی ئازادیگەلی مەدەنیی وەك ئازادیی رادەربڕین، چاپەمەنی، کۆڕو کۆبوونەوە، پێکهێنانی ئەنجومەن و هەروەها رێگە نەدان بە ئازادیی ئایینی و بەکارهێنانی توندوتیژی و سنووردانانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی ژنان، گرووپە میللی و ئایینییەکان بەشێك لە ئاماژەکانی ئەو راپۆرتەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "رادیو فردا"

## سویس

### کۆبوونەوەی کۆمیتەی حیزب لەگەڵ کومیتەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ رەوتی چاکسازیو گەشە

رێکەوتی ٩ی مارس شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سویس پێکهاتوو لە بەرێزان رەحیم رەحمانزادەو رەحمەت ئیبراهیمیان ئەندامانی کۆمیتەو زاهید شاعیری بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی بازڵو فاتح رەسوولی لەگەڵ شاندێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ رەوتی چاکسازیو گەشە پێکهاتوو لە بەرێزان عوسمان تازیك، تەها شەکەرریزو مەسعوود رێواسی کۆبووە.

لەم دانیشتنەدا بارودۆخی ئێستای ئێرانو کوردستان کەوتنە بەرباسو لەسەر هاوکاریی دوولایەنە لە بۆنە نەتەوەییو حیزبی یەکانو پێوەندی لەگەڵ حیزبو رێکخراوە کوردستانیو سویسییەکان پێداگیرایەوە.

## فینلاند

### بەرێوەچوونی رێورەسمێك بەبۆنەی ٨ی مارس



رێکەوتی ٨ی مارس بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژن لەلایەن کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێورەسمێکی تایبەت لە شاری تۆرکۆ بەرێوەچوو. لەو رێوسمەدا کە لەلایەن کیژانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرێوەچوو ئەم پەیامانە خوێندرانەوە

- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کومیتەی فینلاند
- حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کومیتەی فینلاند
- یەکیەتیی لاوانی رۆژهەڵاتی دێموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی فینلاند
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران (کۆمەڵە)
- پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاك) ـ کومیتەی فینلاند
- کۆمەڵەی کوردیی شاری تۆرکۆ
- بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان ـ فینلاند
- پارتی دێموکراتی کوردستان ، رێکخراوی فینلاند
- رێکخراوی فینکورد
- یەکیەتیی لاوانی کوردستان، فینلاند
- ناوەندی چاك

لە برگە جۆراوجۆرەکانی رێوڕەسمەکەدا شێعرو گۆرانیو شانۆ پێشکەش کرا.

# هەڵوێستەیەك لە سەر كۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموكراتی كوردستان

قادر وریا

**چارەسەری کێشەی کورد لە وڵاتی ئێران لە روانگەی بەرنامەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە سەر بناغەی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و دابین بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە رێگای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ دایە.**

هەروەك لە بەیاننامەی رۆژی ١٥ی مارسی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هاتوە، لە رۆژانی ٦ تا ١٤ی مارسی ٢٠٠٨ (١٦ تا ٢٤ی رەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی) چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی ئەم حیزبە بەرێوەچوو. کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك چاوەڕوان دەکرا، لە کەش و هەوایەکی تەواو دێموکراتیك دا ئەو کارو ئەرکانەی لە دەستووری کاری ئەم کۆنگرەیەدا بوون، هێنانیە بەرباس.

کۆنگرەی ئەمجارەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جۆرێك رێك خرا بوو کە بتوانێ نوێنەرانی جۆراوجۆرییەکانی نێو حیزب و هەڵگرانی روانگە و بۆچوونە جیاوازەکان لە دەوری یەك کۆبکاتەوە. نوێنەران و بەشدارانی کۆنگرە کە خۆیان لە ٢٠٠ کەس دەدا دەرەتانی ئەوەیان هەبوو لە هەر کام لە بڕگەکانی کاری کۆنگرەداو لە بارەی هەریەك لەو بەڵگانامانەی هەڵسەنگاندن و پەسندکردنیان لە دەستووری کاری کۆنگرەدا بوو، بەو پەری سەربەستی‌یەوە بیروڕای خۆیان دەربڕن، کەم و کووڕی و ناتەواوییەکان دەستنیشان بکەن و پێشنیارو بەدیلی خۆیان بێننە گۆڕێ.

کۆنگرە بە هەست کردن بە پێویستیی ریفۆرم و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان داو وەك وڵامدانەوەی گونجاو بەو چاوەڕوانییانەی لە نێو خۆو دەرەوەی حیزب لەم پێوەندی‌یەدا پێك هاتبوون، بە چاوێکی رەخنەگرانە، ئاوڕی لە رابردووی حیزب دایەوە و هەڵوێست و پرۆژەکانی لەمەودوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە سەرنجدان بەو پێویستی‌یە پەسند کرد. راپۆرتی کومیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرەی چاردەیەم کە لە داهاتوویەکی نزیك دا دەکەوێتە دەست ئۆگرانی ئەم حیزبە، لێکۆڵینەوەیەکی واقیع بینانەی لە بارەی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و گۆڕان و فاکتەرەکانی پێوەندیدار بە خەباتی نەتەوەی کورد لە خۆ گرتوە و لە بەر رووناکایی ئەم لێکدانەوەیەدا، ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرۆژەکانی ئەم حیزبە بۆ چالاك بوونەوە و بەئەستۆگرتنی رۆلێکی زیاتر لە بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا خستوونە روو.

بەرنامەی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کۆنگرەی ١٤ی ئەم حیزبە پەسندی کردوە، رەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکراتیکی ئێستای خەڵکی کوردستانە. چارەسەری کێشەی کورد لە وڵاتی ئێران لە روانگەی بەرنامەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە سەر بناغەی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێران و دابین بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە رێگای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ئێرانێکی دێموکراتیك و فیدراڵ دایە. بنەماکانی پێکهاتەی کۆماری کوردستان، جۆری پێوەندیی ئەو کۆمارەو دەوڵەتی فیدراڵ و پرەنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی ئەو کۆمارە لە بەرنامەی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە جۆرێك داڕێژراون کە هەم لە خزمەت پاراستنی بەرز راگرتنی پێناسەی نەتەوەیی کوردو فراوان کردنی مافی بەشدار بوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسی دابن، هەم پارێزەرو پەرەپێدەری دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵ و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابن. پشتیوانی لە گەشە سەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و بەستێن سازی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی شێوەی پێوەندیی دوولایەنەی نیوان کۆمەڵ و حکوومەت لە سەر بنەمای فەرهەنگێکی دێموکراتیك و بایەخدان بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵدا لەو پرەنسیپ و ئەرکە گرنگانەن کە کۆماری کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە.

حیزبێك کە رزگاریی نەتەوەکەی و ئازادیی تاکەکانی نێوکۆمەڵی بەلاوە گرنگ بێ و لە پێناویان دا خەبات بکا، دەبێ ئەم ئازادییە بۆ ئەندامانی خۆی و تاکەکانی پێکهێنەری حیزبەکەش دەستەبەر بکا. پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە چواردەیەمین کۆنگرەی ئەم حیزبەدا پەسند کراوە، شایەدی بۆ جێگیربوونی ئەم تێگەیشتنە نوێیە لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستان دەدا. ئەم حیزبە کە لە کۆنگرەی دەیەمی خۆیەوە مافی کەمایەتی و ئازادیی دەربڕینی بیروڕای جیاوازو تەنانەت پێچەوانەی سیاسەتی رەسمیی حیزبی لە نێوخۆی حیزبەکەی‌دا بەرەسمی ناسیبوو، لەم کۆنگرەیەدا "بوونی گرووپ و فراکسیۆنی ئاشکرای فیکری و سیاسی لە نێوخۆی حیزب دا"ی بە ڕەسمی ناسی و بەم هەنگاوە رەچەشکێن و ئازایانەیە، بڕوای خۆی بە رێفۆرم و نوێبوونەوە نیشان دایەوە. دیسانترالیزە کردنی ئۆرگانیزاسیۆنی حیزب و رەخساندنی دەرەتان و بوار بۆ هاوبەشی (مشارکت)ی هەرچی زیاتری ئەندامان لە بڕیاردان و سیاسەت داڕشتن و بەڕێوەبردنی حیزب دا، کە لە پێڕەوی نێوخۆی تازەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بە روونی بەدی دەکرێ، ئەم خاڵە گرینگەیە کە ئێستاو رابردووی ئەم حیزبە لێك جیا دەکاتەوە. ئەم گۆڕانە بە تایبەتی لەو روانگەیەوە شیاوی لێ وردبوونەوە و بایەخ پێدانە کە حیزب بە هەر رادەیەك پتر لە نێوخۆی دا بەرەوکرانەوە بڕوا، لەگەڵ نەتەوە و کۆمەڵگاو خەڵکی دەرەوەی حیزب دا کراوەتر دەبێ و دەرگاو پەنجەرەکانی بەڕووی ئەوان دا، زیاتر دەکاتەوە.

رێبەرییەك کە کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵی بژاردوە، بە رێکەوت نەبووە. تەرکیبی ئەو رێبەرییە و تواناکانی، دەری دەخا کە کۆنگرە بە ئاگایی‌یەکی زۆرەوە و بە سەرنجدان بەو ئەرکە قورسانەی، کۆمیتەی ناوەندی لە قۆناغی نوێی تێکۆشانی حیزب دا دەکەونە سەرشانی، رێبەریی بۆ حیزب هەڵبژاردوە. لەم رێبەرییەدا، کۆمەڵێك سیمای لە مێژینە، بە ئەزموون و شوێندانەر، لەگەڵ رێژەیەکی بەرچاو لە لاوانی پێگەیشتوو کە هەڵگری بیرو بۆچوون و خوێندنەوەی نوێن، شانبەشانی کۆمەڵێك ژنی بڕوا بەخۆو یەکسانیخواز پێکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن بەو حیزبە کە نەسلەکانی ئەمڕۆی کوردستان ئارەزووی دەکەن. بوونی سیما ناسراوو خوشەویستەکانی دیموکرات لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لەم رێبەرییەداو هەروەها زیادبوونی رێژەی کادرەکانی دەرەوەی وڵاتی ئەم حیزبە لە رێبەرایەتی‌دا، زەمینە بۆ چالاکبوونی حیزب و پەرەگرتنی تێکۆشانی هەم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هەم لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا، خۆش دەکا.

ئەم رێبەرییە کە لە بە تواناترین کادرەکان و سیماکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێك هاتوە، پشتیوانی و هاوکاریی ئەو کەسایەتییە خۆشەویست و بە نفوورزانەشی لە پشتە کە نزیك بە نیو سەدە لەم حیزبەدا تێکۆشانیان هەبووە و ئەم حیزبەیان لە سەختترین قۆناغەکان دا بەڕێوە بردوە. ئەو کەسایەتییانە بە ئاگایی‌یەوە و بە دڵخوازی خۆیان، رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان سپاردە دەستی رێبەرانی لە خۆیان لاوترو دلنیاشیان کردن کە لە هیچ هاوکاری و پشتیوانییەکی ئەم رێبەرییە، دەریغی ناکەن. ئەم رەچەشکێنی‌یەی بەڕێزان ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، جەلیل گادانی، حوسێنی مەدەنی و فەتاح کاویان، شیاوی لێ فێر بوون و جێگای شانازییە. ئەوان بە هەوڵەکانیان بۆ بەڕێوەچوونی هەرچی سەرکەوتووانەتری کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبەکەیان، رێفۆرم و نوێبوونەوەیان لە خۆیان ڕادەست پێ‌کردو، بەم هەنگاوەیان ئەگەرچی بە رواڵەت لە نێو کادری رێبەریی حیزب دا نەماون، بەڵام جێگەو پێگەیەکی زیاتریان لە نێو دڵی ئەم رێبەرییە و سەرجەم حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بۆ خۆیان کردەوە و لە رێبەرانێکی رەسمی و تەشکیلاتی‌یەوە بوون بە رێبەرانێکی مەعنەوی و کە رێزو خۆشەویستی‌یان بۆ هەمیشە دەپارێزرێ.



## دریژەی هەواڵەکان

### دوو هاووڵاتی مەریوانی کوژران

بە پێی هەواڵی سایتی "رێنسانس نیوز" ئێوارێی رۆژی هەینی دوو هاووڵاتی مەریوانی بە ناوەکانی تەییوب کێشوەر دووست و ئەنوەر لە بەردەمماڵی تەییوب لە نزیك "گەرماوی چوارباخ" لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە تەقەیان لێکراو کوژران. تا ئێستا هۆکاری کوژرانیان روون نیە بەڵام هێندێك سەرچاوەی خۆجێی باس لەوە دەکەن کوژرانی ئەو دوو کەسە پێوەندیی بە ئەندامەتی ئەوانەوە بێ لە رێکخراوێکی بناژۆخوازی ئیسلامی دا.

### نۆرویژ: بەرێوەچوونی سمینارێك لە ژێر ناوی ٢٠ساڵ دوای ئەنفال و هەڵەبجە ـ ئایا ئەوە ژینوساید بوو؟

رۆژی پێنج شەممە ١٣ی مارسی ٢٠٠٨ بە مەبەستی بە ژینوساید ناساندنی کارەساتی شیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال لە یەکێك لە سالۆنەکانی پارلمانی نۆروێژ لە ئۆسلۆ سمینارێك پێکهات.

ئەو سمینارە کە لە لایەن حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژو گرووپی کوردی لە رێکخراوی دژی رەگەزپەرەستی (ئیس ئۆ ئیس ـ راسیسمە) پێکهاتبوو لەو دا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمان و نوێنەری حیزب و رێکخراوە سیاسی و مەدەنی‌یە کوردستانی و نۆروێژییەکان بەشدارییان کردبوو.

لە سەرەتای سمینارەکەدا خاتوو ئۆگێت ڤۆڵە لە حیزبی سوسیالیستی چەپ و ئەندامی پارلمانی نۆروێژ وەك بەرێوەبەری سمینار، وێڕای بەخێر هێنانی بەشداران، بە کورتی سەبارەت بە تاوانی شیمیابارانی هەڵەبجەو شاڵاوەکانی ئەنفال دوا.

دواتر فیلمێکی دوکیومێنتی بە ناوی "هەینیی خوێناویی هەڵەبجە" نیشان درا، بەدوای ئەودا، کاك شۆڕش حاجی لێکۆڵەری کوردی دانیشتووی بریتانیا وتارێکی سەبارەت بە کارەساتی شیمیابارانی هەڵەبجەو شاڵاوەکانی ئەنفال پێشکەش کردو ئەوانی بە تاوانی مرۆڤایەتی و ژینۆسایدی نەتەوەی کورد ناودێر کرد.

پاشان دوکتور عومەر شێخ مووس لێکۆڵەرو مێژووناسی کورد، وتارێکی سەبارەت بە ئەنفال و قڕکردنی ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد و هێرشی شیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە پێشکەش بە بەشداران کرد.

دواتر گیدۆڤان لیمپووت ئەندامی پارلمانی هولەند وتارێکی خوێندەوەو لەو دا ئاماژەی بەو کۆمپانیاو بازرگانە هولەندیانە کردبوو کە چەکی شیمیاییان بە حکوومەتی عێراق، ئێران، سووریەو تورکیە فرۆشتوە.

بەدوای ئەودا خاتوو چنار سەعد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفال لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا دەستخۆشیی لە بەرێوەبەرانی ئەو سمینارە کرد کە توانیویانە مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە بگەیەنە ئەو ئاستەو چەند داواکارییشی پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

دۆستانی بیانیی کورد پشتگیری نەتەوەی کورد بکەن بۆ ئەوەی کە جارێکی تر ئەو کارەساتانە دووپات نەبنەوە.

پارلمانی نۆروێژ ئەو جینایەتە وەك ژینوساید بناسێ.

پارلمانی نۆروێژ رۆژی شیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال بخاتە نێو رۆژ ژمێری ئورووپا وەك هۆلۆکاست و بۆمبارانی شیمیایی هێرۆشیما سەیری بکا.

دواتر کاك سەعد خالید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پارلمان سەبارەت بە وەزعی ئێستای کوردستان و ناوچەکەو هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناساندنی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال وەك ژینوسایدی گەلی کورد قسەی کرد.

شایانی باسە سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ رێکخراوی SOS کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەی بۆ خاتوو چنار سەعد، سەعد خالید، عومەر شێخ مووس و گیدۆڤان لیمپووت پارلمانتاری هولەندی پێك هێنا.

پێویستە بگوترێ هەم لە سمینارەکەداو هەمیش لە کۆبوونەوەکەدا شاندێکی کومیتەی حیزب لە نۆروێژ پێکهاتبوو: لە کاك ئەسعەد خزری، خوسرەو قادری و محەمەد مستەفازادە بەشداریی کردبوو.

**برووخێ رێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

### خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا:

# حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ بنەماو بنچینە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەقووەت بکا، کۆدەنگییەکی بەقووەت لە نێوخۆیی کوردستان کە هەموو تەنەوعاتی نێوخۆی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەگرێتەوە کاری بۆ بکاو مسۆگەری بکاو جێ بگرێ



پێش نیوەڕۆی رۆژی یەکشەممە، ٢٦ی رەشەمەو دوا بە دوای کۆتایی هاتنی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی بۆ چەند کەس لە ئەندامانی تازە هەڵبژێراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات. لەم کۆنفرانسەدا رۆژنامەوانی‌یەدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هاتبوو، ژمارەیەکی بەر چاو لە هەواڵنێرانی دەزگاکانی راگەیاندنی باشووری کوردستان‌و هەواڵنێرانی حیزب‌و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا کاك خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندی باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئامادەکاریی کۆنگرەو چۆنیەتیی بەرێوەچوونی کۆنگرەو باس‌و پەسندکراوەکانی کۆنگرە پێشکەش بە بەشدارانی کرد.

بەرێزیان بە ئامازە بە جۆراوجۆریی فیکری‌و ناوچەیی نوێنەرانی کۆنگرە، بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی بە ئاوێنەی پێکهاتەی کۆنگرەو ئازادیی بەتەواو مانای رادەربڕین‌و گەرنتیی بۆچوونە ئازاو لێبڕاوانەکانی ئەندامانی کۆنگرە وەسف کرد.

خالید عەزیزی لایەنێکی بەهێزی کۆنگرەی چواردەی حیزبی لەوەدا بینی کە ئەم کۆنگرەیە هەوڵی داوە پەیامێکی زۆر روونی نەتەوەیی بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بدا کە ئەو حیزبە بۆ بەهێز کردنی بنەماو بنچینە نەتەوەیی‌یەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێ دەکۆشی‌و هەوڵ دەدا ئەم گوتارە لە کۆمەڵگای سیاسیی ئێراندا جێ بخا کە خوێندنەوەیەکی نوێ‌و دیکەیان لە پێناسەی ئێران هەبێ.

"کوردستان" لەم ژمارەیەدا دەقی قسەکانی کاك خالید عەزیزی لەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانی‌یەدا بڵاو دەکاتەوەو لە ژمارەی داهاتووی خۆیدا راپۆرتێکی تێرو تەسەل لە سەر ئەم کۆنفرانسەدا بڵاو دەکاتەوە.

### دوقی وتەکانی خالید عەزیزی وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی لەو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەدا:

زمینەی کۆنگرەی چاردەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێك فاکتور. فاکتوری ئەوەڵ ئەوە بوو کە حیزبی ئێمە لە رابردوودا کۆمەڵێك گیروگرفتی هەبوو کە بە داخەوە ئەو گیروگرفتانە بوون بە هۆی لەتبوونی ئەو حیزبە. فاکتۆرێکی دیکە ئەوە بوو ئێمە چۆن بکەین گیانی حیزبایەتی تێکەڵاو بە گیانی کۆمەڵگا بکەین‌و کۆمەڵگە بە هەموو چین‌و توێژەکانی‌یەوە لە ژیانی سیاسیی حیزبدا دەوری هەبێ‌و بەو جۆرە حیزب خۆی دەوڵەمەندتر بکا.

لە ژێر رووناکایی ئەو دوو بۆچوونەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش گرتنی کۆنگرەی ١٤ی خۆی بە شێوەیەکی شەفاف‌و ئاشکرا جەماوەری لە نێوخۆی کوردستان‌و کۆمەڵێك لە ئەندامان‌و رووناکبیران بە تایبەت خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی ئاگادار کردەوە کە بەرەو کۆنگرەی ١٤ی خۆی دەچێ‌و لەو پێوەندیەدا داوای لە خەڵك کرد کە هەموو ئەوانەی پێیان خۆشە بە جۆرێك تەئسیر دابنێنە سەر سیاسەت‌و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بەمجۆرە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەقووەت کەن بیروبۆچوونی خۆیان بڵێن.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرینگە هەر لە پرۆسەی موشارەکەت‌و بەشداری پێدانی ئەندامان حیزبی دێموکرات لە چارەنووسی ئەو حیزبەدا دەکرێ بڵێم لە نیوزلەندا، کانادا، ئوستراڵیاو ئەمریکاو زۆربەی زۆری وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوا نوێنەرانی حیزبی هاتبوونەوە بەشداریی کۆنگرەیان کردبوو، هەروەها ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان. ئەگەرچی زۆربەی زۆری ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات‌و رۆژهەڵاتی کوردستانن بە داخەوە ئیمکانی ئەوەیان نەبوو راستەوخۆ بێن‌و لە کۆنگرەکەدا نوێنەر بنێرن‌و بەشداربن بەڵام دەورێکی چالاکیان هەبوو، بە پەیامی تەلەفۆنی بە پێوەندی گرتن بە رێکخراوەکانی حیزبی‌یەوە کە نەزەرو بیروبۆچوونیان لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بەجۆرێك لەو کراوە کە بیروبۆچوونی جۆراجۆر دەتوانێ خۆ رێك بخاو تەنانەت لە شکلی فراکسیۆنیش دا دەتوانێ کار بکا. ئەوە یەکێك لە قەواعیدی بازیی بیروبۆچوونەکانی دێموکراسییەو ئێمە تێکۆشاوین ئەوە بە شێوەیەکی ئوسووڵی بە تەوافوقی گشتی‌و بە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە نهادینەی بکەین. لایەنێکی‌تری بەهێزی ئەو کۆنگرەیە ئەوەبوو کە ئێمە پەیامێك بدەین بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، پەیامێکی زۆر شەفافی نەتەوەیی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ بنەماو بنچینە نەتەوەییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەقوەت بکا، کۆدەنگییەکی بەقووەت لە نێوخۆیی کوردستان کە هەموو تەنەوعاتی نێوخۆی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەگرێتەوە کاری بۆ بکاو مسۆگەری بکاو جێ بگرێ. لە هەمان کاتیشدا لە لایەنی سیاسییەوە بە

ئێمە پێڕەو پرۆگرامێکمان لەو کۆنگرەیەدا پەسند کردوە کە ئەو پێڕو پرۆگرامە زۆر بەراشکاوی‌و بەشەفافی ئەو بیرو بۆچوونانەی لە خۆ گرتۆتەوەو دەیخوێنێتەوە. لەسەریەك فاکتۆرێکی بەرچاوو زۆر سەرەکی کە تارادەیەکی زۆر دەکرێ بڵێین بۆچوونی تەئید لە سەر ئەو ئیدیعایە دادەنێ تەرکیبی ئەندامانی کۆنگرە بوو. ئەندامانی کۆنگرە لەو روانگەیەوە جێگەی سەرنجدانە ئەویش ئەوەیە کە بەشداریی ژنان لەو کۆنگرەیەدا بەرچاو بوو چ لەلایەنی رەقەمەوە واتا رادەی بەشدارییان، چ لەلایەنی چالاکی فیکری‌و سیاسی‌و، ئەوەی کە ژن لە بڕیارەکان و تەسمیمەکانی مەربووت بە داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار بێ‌و دەنگی خۆی دابێ. کۆمەڵێکی بەچاو لە لاوان‌و تێکوشەرانی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەم لە دەرەوەو هەمیش لە ژوورەوە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوون.

کۆنگرەیەدا رەنگ بداتەوە. لەسەریەك دەکرێ بڵێم دەسکەوتەکان، بڕیارەکان‌و راپۆرت‌و هەروەها قەتعنامەکانی ئەو کۆنگرەیە تارادەیەکی زۆر ئاوێنەیەکە لە تەرکیبی کۆنگرەو نەزەرو بۆچوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان.

یەکێك لە لایەنە هەرە گرینگەکانی ئەو کۆنگرەیە ئەوبوو کە بڕیاری‌دا بیروبۆچوون لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەمنیەتی هەبێ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەزمینیان هەبێ بۆ دەربڕینی نەزەری خۆیان کە ئەو حیزبە دەیانپارێزێ‌و پشتیوانیان لێ دەکا. هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی حیزبیش حەقیان هەیە وەك تاك، لە سەر کۆمەڵێك مەسایلی فیکری‌و کۆمەڵایەتی نەزەر بدەن، لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان مەجال هێشتراوەتەوەو بەرەسمی پەسند

تەبیعەتی ئەوەی کە رۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران بە دەلیلی رەسمی‌و دەلیلی قانوونی بە دەلیلی جوگرافیایی بەشێك لە جوگرافیای سیاسیی ئێرانە، ئێمە ئەو پەیامە شەفافەشمان داوە کە رێگە چارەی ئێمە لە چارەسەر کردنی مەسەلەی میللی لە کوردستانی ئێران لە شکلی سیاسی-یەکەی‌دا فیدرالیزمە. بۆ جێبەجێ کردنی فیدرالیزم کۆمەڵێك لێکدانەوەمان کردوە، کۆمەڵێك پێشنیارمان هێناوەتە گۆڕێ‌و کۆمەڵێك میکانیزمی عەمەلی. لە هەوڵ داین لە داهاتوودا جێبەجێیان بکەین. بۆ ئەوەی کە ئەو میکانیزمە عەمەلییانەی فیدرالیزم جێبەجێ بێ، یەکێك لە ئەرکەکانی ئێمە ئەوەیە بنەمای دیالوگ‌و گفتگۆو عیلاقاتێکی باش لە گەڵ نەتەوەکانی ئێران، لە گەڵ سازمان‌و رێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئێران بەهێز بکەین‌و بەقووەتی بکەین یانی بەهێز کردنی بنەماکانی نەتەوەیی‌و بەقوەت کردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ شانبەشان بچێتە پێشێ لەگەڵ بەقووەت کردنی بنەماکانی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیك لە ئێران‌و ئێرانێکی فیدراڵ.

لە بەشی دوویەم دا ئێمە هاتووینەتە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو بیرو بۆچوونە لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا بەقووەت بکەین کە دەبێ بازخوانییەکی دیکەمان لە تەعریفی ئێران هەبێ. ئێمە خوێندنەوەیەکی دیکە دێنینە پێشێ کە مەبەست لە ئێران چیە؟ مەبەست لە ئێران، ئێرانێکی فیدراڵە، دیسانترالیزە دەکرێ تەمەرکوزی دەسەڵات لە تاران نابێ‌و گەلی کوردو حیزبەکەی ئێمە تێدەکۆشێ شانبەشانی حیزبەکانی دیکە ئەو بنەمایانە کە گارانتی‌و تەزمینی موقەعیەتەکانی داخوازی نەتەوەی کورد دەکا لە رێگەی قانوونی‌و تەکنیکی‌و کۆمەڵێك مامەڵەی سیاسی لەگەڵ تاران جێبەجێ بکەین.

پەیامێکی دیکەی کۆنگرە ئەوە بوو کە بۆ جێبەجێ کردنی هەر دووی ئەو ئەرکە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتەنیا ناتوانێ ئەو کارە بکا. مادام قسە لە جووڵانەوەی رزگاریی کوردستانی ئێران دەکەین، مادام قسە لەو دەکەین کە کارتی کورد دەبێ لە تاران بەقووەت بێ ئەوەکۆدەنگی‌و هاودەنگی‌و جۆرێك لێك نزیك بوونەوەو یەکگرتووی هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی پێویستە. بۆ ئەو مەبەستەش کۆنگرەی ئێمە باسێکی بەربڵاوی بوو و پڕ بەدڵ لەوە نارەحەت بوو کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە لێك دوور بوونەوەو لێکترازان‌و لەتبوون باڵی بە سەر جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان دا کێشاوە. نارەحت بوونی ئێمە لەو وەزعە بە سێناریۆی پێشوو ئەو ئەرکە لە سەر ئێمە دادەنێ کە حیزبەکەی ئێمە لە ژێر رووناکایی بیرو بۆچوونی کۆنگرەی ١٤دا تێبکۆشێ لە داهاتوودا بە هاوکاریی حیزبە سیاسی‌یەکانی دیکە، نەوعێك یان رێگەچارەیەکی عەمەلی بۆ لێکنزیك بوونەوە بێنینە گۆڕێ.

لایەنێکی دیکە لە بۆچوونەکە ئەوە بوو کە بە حوکمی ئەوەی کە لە دنیای ئەورۆدا کێشەکان سنوور دەبەزێنن‌و کێشەی دەوڵەتێك بوعدی نێونەتەوەییش بە خۆوە دەگرێ لە هەمان کاتدا بە تەبیعەتی ئەوەی کە مەسەلەی ئێران‌و دنیای دەرەوە بۆتە ئەمری واقیع لە کێشەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە گەڵ ئێران‌و تەنانەت زەخت‌و فشار هێنان بۆ حکوومەتی ئێران، ئێمە تێبکۆشین دیپلۆماسییەکی بەقووەتتر لە جاران لە دەرەوە بێنینە گۆڕێ‌و بۆ ئەوەی کە دیپلۆماسیی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوە وڵامدەرەوەی ویست‌و داخوازەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ دیسان لێرە کۆدەنگیەك‌و نەوعێك یەکگرتوویی هەموو حیزبەکانی تارادەیەکی زۆر پێویستە ئێمە تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە کۆتاییمان نەکردوەو لە داهاتووش دا بە گوێرەی توانا ئەو ئەرکە دەبەینە پێشێ، ستراتیژی ئێمە ئەوەیە لە کێشەکانی دنیای دەرەوەو دەوڵەتەکان لە گەڵ ئێران ویست‌و داخوازی دێموکراسیی ئێران‌و نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە قووەت بکەین،. ستراتیژیی ئێمە ئەوەیە کێشەی ئێران لە گەڵ دنیای دەرەوە تەنیا بە کێشەی وزەی ئەتۆمی لە گەڵ تاران پێناسە نەکرێ. چون لەو سیناریۆیەدا مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت ویست‌و داخوازەکانی نەتەوەی کورد تارادەیەکی زۆر دەکەونە ژێر سێبەر.

هەروەها کۆنگرەی ئێمە بەخۆشییەوە بە تێکرای دەنگ‌و لە ژێر رووناکایی کۆمەڵێك باسی سیاسی، فیکری‌و تیۆریك کە پێوەندییان بە داهاتووی حزبی دێموکراتی کوردستان‌و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو کۆمیتەی ناوەندییەکی هەڵبژاردوەو کۆمیتەی ناوەندییش لە لایەن کۆنگرەوە پێی سپێردراوە کە بە گوێرەی بڕیارات‌و قەتعنامەکان‌و موسەوباتی کۆنگرە، ئەو ئەرکانە تا کۆنگرەی ١٥ بەجێی بگەیەنێ. لە سەر یەك ئەگەر کورتی بکەمەوە، کۆنگرەی ئێمە بەلانێك تێ‌کۆشا شەفافیەت بێنێتە گۆڕێ‌و کۆنگرەی ئێمە ئەو پەیامەی بە ئێمە داوە کە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو واقیعیەتە قبووڵ بکەین کە لە ساڵ‌و نیوی رابردوویان دوو ساڵی رابردوودا کێشەو لێکترازان‌و جیابوونەوە باڵی بە سەر ئێمەدا کێشاوە، ئێمەش تێیدا بەشدارین، خۆمان بە "ذی نفع" دەزانین‌و ئەگەر لە رابردوودا ئەو سیناریۆیە خووڵقاوە ئێمە بەچاك‌و بە خراپ خۆمان لەوە جودا نابینین. مادام ئێمە ئەو رابردوویە بە هەموو گرفتەکان‌و موشکلەکانیەوە قبووڵ دەکەین بە مانای ئەوەیە حیزبەکەی ئێمە ئەو ئامادەییەکی هەیە بۆ جێبەجێ کردن‌و قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەماسیانە لە داهاتوودا فەسڵێکی نوێ بکاتەوە. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان تێدەکۆشین ئەو فەسڵە نوێیە بە هاوکاری‌و یەکدەنگیی هێزەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان ببێ بنەمایەکی باش بۆ جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.



## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین





## فەردینی سادقی

لەم بەرەو نەورۆزەدا، لەم یەکگرتنەی دوو جێژنی نەورۆزو کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، پتر لە هەموو کەس یادی دوو کەس دەکەم‌و جێگای دوو کەس لە نێو خۆمان‌دا بە چۆڵی دەبینم. هاوڕێی خۆشەویستم کاك عوسمان رەحیمی‌و هونەرمەندی جوانەمەرگ فەردینی سادقی.

ئەم کۆنگرەیە دەرفەتی بۆ رەخساندم تا چەند جار یادی کاك عوسمان بکەمەوەو بۆ جێگا بەتاڵەکەی ئەو لە نێو بەشدارانی کۆنگرەو رێبەری هەڵبژێردراودا، هەناسە هەڵکێشم ئێستاش کە ئەم دوو جێژنە تێکەڵاو بوون، لە گەڕی رەشبەڵەکداو لە کۆڕی هەڵپەرکێی تیپی رۆژهەڵات بە بۆنەی ئەم دوو جێژنەوە، جێگای فەردینی هونەرمەند بە بەتاڵی دەبینم. ئەوەندەم تاسە کردوە کە ناتوانم تا ساڵوەگەڕی کۆچی بێوادەی، رابوەستم. هەربۆیە ئەم ژمارەیە بۆ یادی ئەو خونچە هەڵوەریوە تەرخان دەکەم:

**ژیانی هونەرمەندی جوانەمەرگ لە چەند دێڕێکدا:**

فەردین سادقی، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری سنەی خوێناوی لە دایك بوو. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی هەر لە سنە تەواو کردو دیپلۆمی وەرگرت. لە تەمەنی نەوجەوانی‌دا رووی کردە کاری هونەری‌و، بوو بە ئەندامێکی چالاکی تیپی هەڵپەڕکێی "ئاویەر"ی شاری سنەو لە چەندین بەرنامەی هونەری‌دا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٨١ رووی کردە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و شانبەشانی جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، توانای هونەریی خۆی بۆ پەرەپێدانی هونەری هەڵپەڕکێی کوردی لە نێو حیزب‌داو راهێنانی کچان‌و کوڕانی دیموکرات، تەرخان کرد. سەرئەنجام "گرووپی هەڵپەڕکێی رۆژهەڵات"ی دامەزراندو تا ساتی جوانەمەرگ بوونی سەرپەرستیی ئەم تیپەی کرد. تیپی هەڵپەڕکێی رۆژهەڵات لە ژێر راهێنانی فەردین سادقی‌دا، بە دەیان چالاکی‌و بەرنامەی سەرکەوتووانەی لە جێژن‌و بۆنە حیزبی‌و نەتەوەیی‌یەکان، فستیڤاڵەکانی هەڵپەڕکێ‌و کلیپ بۆ هونەرمەندان‌و بەرنامە تەلەڤیزیۆنی‌یەکان‌دا بەڕێوەبردو لە سەر ئاستی کوردستان بوو بە تیپێکی ناسراوو خۆشەویست.

ئەم هونەرمەندە بە تواناو دڵ پڕ لە خۆزیایە، بە داخەوە ئێوارەی رۆژی ١٢ی پووشپەڕ (٢٠٠٧/٧/٣) لە کاتی گەڕانەوە لە شاری کۆیە بۆ بنکەکەی بە ماتورسکلیت، ماشێنێك خۆی لێ‌داو گیانی لە دەست دا.

یادی فەردین بەم رستانە کۆتایی پێ دێنم کە ئەندامێکی تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات، لە پرسەی مامۆستاو راهێنەری خۆیان، فەردینی جوانەمەرگ‌دا خوێندییەوە:

"مامۆستا فەردین، ئەگەر لە لایەك جگەرگۆشەی بنەماڵەکەی بوو، لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەی تێکۆشەرو شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. سەرەڕای هەموو ئەوانەش مامۆستایەکی سادق‌و دڵسۆز بوو بۆ ئێمە، لاوانی لایەنگری هونەری هەڵپەڕکێ. هەر بۆیە لە دەست چوونی کاك فەردین هەموومانی وەك یەك تازیەبارو کەسەربار کردوە. جارێکی دیکەش بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو دۆستانی خۆشەویستی بەڕێزیان دەکەین."

# لۆدۆیگ وان بتهۆڤێن

بەشی یەکەم — و. تەها رەحیمی



لوریگ وان بتهۆڤێن (١٦ی دیسامبری ١٧٧٠ ـ ٢٦ی مارسی ١٨٢٧) یەکێك لە موسیقازانانی بەرجەستەی ئەڵمانی بوو کە زۆرتری ژیانی لە ڤیەن بە سەر برد. نابراو یەکێك لە مەزنترین‌و شوێندانەرترین کەسایەتییەکانی موسیقای سەردەمی کلاسیك‌و دەسپێکی قۆناخی رۆمانتیك بوو. بتهۆڤێن وەك مەزنترین موسیقا زانی مێژوو بەردەوام پێی‌دا هەڵگوتراوە. ناوبانگی ئەو موسیقازانان، ئاهەنگسازان‌و بیسەرانی لە تەواوی قۆناخەکان‌دا خستۆتە ژێر کاریگەریی قوڵ و هەمەلایەنەی خۆیەوە. لە نێو بەرهەمە ناودارەکانی‌دا دەتوانین ئاماژە بە سەمفۆنیای نۆیەم. سەمفۆنیای پێنجەم، سەمفۆنیای سێیەم، سۆنات پیانۆ پاتتیك، سوناتی مانگە شەوو هامر کلاویر، ئۆپێرای فیدلیۆو میسا سولمنیس بکەین.

بتهۆڤێن لە شاری "بۆنی" ئاڵمان لە دایك بوو. بابی یوهان وان بتهۆڤێن خەڵکی هۆلەند (فلدندەری ئەو کات) بووو، دایکیشی کاگدالنا کوریچ وان بتهۆڤێن بە رەگەز ئیسلاڤی بوو. یەکەم مامۆستای موسیقای بتهۆڤێن باوکی بوو کە یەکێك لە موسیقازانەکانی دەربار بوو. ئەو کابرایەکی ئەلکولی (گیرۆدەی ئارەق) بوو کە هەوڵی دەدا بە زەبری کوتەك، بتهۆڤێن وەك منداڵێکی هەڵکەوتووی وەك موتزارت بنوێنێ. ئەگەرچی هەر زوو توانایی بتهۆڤێن بۆ هەموو لایەك دەرکەوت. لە دوایی‌دا بتهۆڤێن لە لای کریستییەن گوت لوب نیفە درێژەی بە فێر بوون دا. هەروەها لە باریماڵییەوە لە لایەن شازادە ئیلکتۆرەوە (ئەو دەربارەی بابی لەوێ کاری دەکرد) پشتیوانی لێ کرا. بتهۆڤێن لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌دا دایکی لە دەست داو بە داهاتێکی کەمەوە کە لە دەرباری وەردەگرت سەرپەرشتی دوو برا چکۆلەکەشی لە ئەستۆ بوو.

بتهۆڤێن ساڵی ١٧٩٢ کۆچی کرد بۆ ڤیەن‌و بوو بە قوتابی ژوزێف هایدن. بەڵام هایدنی پیر، کە ئەو کات لەوپەڕی ناودارێتی خۆی‌دا بوو، ئەوەندە گرفتار بوو کە بە دەگمەن دەیتوانی وانە بە بتهۆڤێن بلێتەوە. بۆیە بتهۆڤێنی بە برادەرێکی خۆی، یوهان ئالبرێشت بێرگەر ناساند. لە ساڵی ١٧٩٤ەوە بتهۆڤێن بە شێوەیەکی جیددی‌و بە هۆگرییەکی زۆرەوە دەستی بە ژەنینی پیانۆو ئاهەنگسازی کردو بە خێرایی وەك ژەنیارێکی تەڕدەستی پیانۆو هێدی هێدیش وەك ئاهەنگسازێکی بەتوانا ناوبانگی دەرکرد.

لە ئاکام‌دا بتهۆڤێن شێوازی ژیانی خۆی هەڵبژاردو تا کۆتایی تەمەنیشی لە سەر ئەو شێوازە بەردەوام بوو: لە بری کار کردن بۆ کلێسە یان دەربار (کارێك کە زۆربەی مۆسیقازانانی بەر لە ئەو دەیانکرد) خەریك کاری ئازاد بووو تێچووی ژیانی لە رێگای بەڕێوەبردنی بەرنامە (اجرا) گشتییەکان‌و فرۆشتی بەرهەمەکانی‌و، هەروەها حەق دەستێك کە لە لایەن ئەو ئەشرافانەوە پێی دەدرا کە لە تواناییەکانی گەشتبوون، دابین دەکرد.

ژیانی بتهۆڤێن وەك موسیقازانێك بە سەر سێ قۆناخی (دەسپێك)، (نێوەراست)و (کۆتایی)دا دابەش دەبێ:

**قۆناخی دەسپێك:**

لە قۆناغی دەسپێك‌دا (کە تەقریبەن لە ساڵی ١٨٠٢ەوە دەست پێ دەکا) کارەکانی بتهۆڤێن لە ژێر کاریگەریی هایدن‌و موتزرات‌دا بوون، لە حاڵێك‌دا کە هەر لەو کاتەوە رەوگەی نوێترو پلە بە پلە دیدێکی بەربڵاوتری لە کارەکانی‌دا دەدیتەوە. هێندێ لە بەرهەمە گرینگەکانی وی لە قۆناخی دەسپێك‌دا، سەمفۆنیاکانی ژمارە ١و٢، شەش کوارتت زهی، دوو کۆنسێرتی پیانۆ، دوانزە سوناتی پیانۆ (کە سوناتە بەناوبانگەکانی پاتێتیك‌و مانگەشەوی لە خۆ دەگرت.

**قۆناخی نێوەڕاست:**

قۆناخی نێوەڕاست بڕێك دوای قەیرانی رۆحی بتهۆڤێن کە لەبەر کەڕی تووشی ببوو، دەست پێ دەکا. بەرهەمگەلێکی ئێجگار بەرجەستە کە کاکڵی زۆربەیان ئازایەتیی، شەڕو پێکدادان بوون، لەم قۆناخەدا بیچمیان گرت. ئەو بەرهەمانە مەزنترین‌و بەناوبانگترین بەرهەمەکانی موسیقای کلاسیك لە خۆ دەگرن. بەرهەمەکانی قۆنای نێوەڕاست بریتین لە: شەش سەمفۆنیای (ژمارەکانی ٣ تا ٨)، سێ کۆنسێرت پیانۆ (ژمارەکانی ٣ تا ٥)و تەنیا کۆنسێرتی ویۆلۆن، پێنج کوراتێت زهی (ژمارەکانی ٧ تا ١١)، حەوت سونات پیانۆ (ژمارەکانی ١٣ تا ١٩) کە سوناتەکانی والدشتاین، ئاپاسیوناتا لە خۆ دەگرن‌و تەنیا ئۆپێراکەی ((فیدلیۆ)).

**قۆناخی کۆتایی:**

قۆناخی کۆتایی چالاکییەکانی بتهۆڤێن لە ساڵی ١٨١٦ەوە دەستی پێ کرد. بەرهەمەکانی قۆناخی کۆتایی زۆر شایانی پێدا هەڵگوتنن‌و دەتوانین بە بەرهەمگەلێکی زۆر بیرمەندانەو زۆریش بە دەربڕی روخساری کەسایەتیی تایبەتی بتهۆڤێنیان بزانین. هەروەها دەتوانین زۆرێك لە پێکهاتە شکێنییەکانی بتهۆڤێن لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناخەدا بەدی بکەین (بۆ وێنە، کوارتێت زهی ژمارەی ١٤ لە دوو دیز مینۆردا خاوەن ٧ موومانە، هەروەها بتهۆڤێن لە دوایین موومانی سەمفونیای ژمارە ٩ی خۆی‌دا گرووپی "کۆڕ"ی بەکار هێناوە). بەرهەمە دیارو بەرچاوەکانی ئەم قۆناخە بریتین لە: دوایین کواتێتەکانی زهی (١٢ ـ ١٦)و دوایین موناتەکانی پیانۆ (٢٠ ـ ٣٢). بتهۆڤێن لەم قۆناخەدا چیتر نەیدەتوانی هیچ شتێك ببیستێ.

بە سەرنجدان بە قووڵایی‌و بەرینایی دۆزینەوە هونەرییەکانی بتهۆڤێن، هەروەها سەرکەوتوویی وی لە بە شایانی تێگەیشتن کردنی کارەکانی بۆ زۆرینەی هەرە زۆری بیسەران، هانس کلێری موسیقازان‌و نووسەری ئینگلیزی بە رەچەڵەك نەمسایی، ئاوا وەسفی بتهۆڤێن دەکا: (مەزنترین زەین لە هەموو مرۆڤایەتی‌دا)

## (سڵاو...)

خۆرەتاو تۆسقاڵێ وەك ئەو چاومەستەی
گەش ببا
ئەستەمە شەو لەو گەشی‌و رووناکی‌یە
بێبەش ببا
کێو هەموو وەك بەفری بەردەستی هەتاو
دەتوانەوە
لەم خەم‌و ئازارە تۆزێکیان بەسەر دابەش
ببا
سوورە گوڵ ئێستا سڵاوی رێژنە
ناناستێنێتەوە
نایەوێ مننەت لە ئەم سڵاوی فرمێسکەش
ببا
یەك دڵۆپ ئەسرین لە چاوم دا قەتیس
ماوەو دەڵێم
خوایە خوایە گەر رۆیشت لە گەڵ خۆی نووری
دوو دیدەش ببا
لێرە کۆتایی دەهات چیرۆکی گریان‌و خەمم
لێگەڕابا ئەو دڵەی من تێر خەوی باوەش ببا
خاڵی لێوی هێندە ئارام نووستبوو ئێستاش
دەڵێم
خۆزگە من بوایەم لەجێی ئەو خاڵەی‌و رووم
رەش ببا
رێی دڵی دابام لە نێو خەرمانی پرچی
نووستبا
خۆی بەرززگار بوو دەزانی گەر لەوێ کۆیلەش
ببا

رەسووڵ سولتانی ٨٦/١٢/٥



* * *

**ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی دوایین ساتەکانی تەمەنی خۆی رادەبوێرێ‌و هێدی هێدی پێ دەنێینە ساڵی ١٣٨٧. بەناوی ستافی لاپەڕەی ئەدەب‌و هونەرەوە بە گەرمی پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین‌و هیوادارین ساڵی نوێ ساڵی وەدیهاتنی خەون‌و ئاواتەکانتان بێت.**



# شینی بەهار

پێشکەشە بە هەناسە خنکاوەکانو نێرگزە زیندە بەچاڵ کراوەکان

هەژیر.ب.ش

سروشت دەنگی بەهاری گوێ لێ بوو، بەژنی سەوزە پۆشی داری ئەرخەوانو سەروو سنەوبەر لە سەر یاڵو ملەی کێوەکان، بە شنەی بای رۆژهەڵات وەسەما کەوتبوون. بە تەواوی مانا، سروشت چاوەڕێی بەهار بوو، کێوی دلڕەق، دڵۆپ دڵۆپ، فرمێسکی شادیو زەماوەندی نەورۆزی هەڵدەوەراندو دەیویست بە هەموو کەسێکی بسەلمێنێ کە دڵی بەردی ئەویش، بە تینی بتاوێنی ئەوینی دیمەنی بەهار تواوەتەوەو جۆگە جۆگە ئاوی خۆشەویستی بەرەو پێشوازی بەهار دەنێرێ. زستان بارگەو بنەی دەپێچێتەوەو لە حاڵێکدا پیلانێکی نوێ دژی بەهار لە دڵی رەشەمەدا دەگەڕێو جار جار بە تەزووی ساردو سڕ دەیەوێ دڵەکان سەرما بردوو بکا. گوڵە نەورۆزەو گەزیزە لە مۆڵەتێکی بچووك دەگەڕێن تا مزگێنی بەهار بۆ سروشت، بۆ دارو، بۆ کۆسار، بۆ گوڵو بۆ دڵەکان بەرن. ئاسمان کە ئێستا دڵ پیسی لە زەوی دەکرد، وردە وردە دەگەشێتەوەو دڵی بە بۆنی بەهار، ساوو روون دەکاتەوەو دەگەڵ زەوی پەیمان نوێ دەکاتەوە کە چینێکی ئەویندارانەو لێوڕێژ لە خۆشەویستیو جوانی دابمەزرێنن. لەناکاو زستانی دڵڕەش پیلانی خۆی دژی بەهار دەگێڕێ، هەوری رەش بەری ئاسمان دەگرنو شریخەیان دێ. سروشت نێو چاوانی تێك دەنێو ساردو دڵڕەقی دەگەڕێتەوە باوەشی گەرم داهاتووی کێو. هەموو ساڵێ کە بەهارو نەورۆزمان دەبێتە میوان، بیرەوەریی قەڵای پۆڵایینی کورد، هەڵەبجە بێ سەبرانە چاوەڕێی بەهارمان دێتەوە یاد. ئەوە بیست ساڵە بۆ شارەکەی بەهاری سوور فرمێسك ئەڕێژینو زیاتر نەفرەتو بێزاری خۆمان بەرابەر ئەو چەپەڵو خوێن خۆرانە دەردەبڕین کە ئەو دۆزەخەیان بۆ نەتەوەکەمان خولقاندو وەرزی بەهاریان لێ تاڵ کردین، وەرزێ کە هەوا، بۆنو بەرامەی نوێ بەخۆوە دەگرێ. بەڵام ئەو وەرزە نوێیە بوو بە کتێبی خوێناوی لە مێژووی نەتەوەی کورددا و بە جێی نەورۆزانە رووی کردە ماڵەکانمان. کاتێ رەشەمە دێ، رەشپۆشی بەردەرگامان پێ دەگرێو رەنگو رووی هەموو شتێك دەگۆڕدرێ. شارە خنجیلانەکەی هەڵەبجەش ماتەم دایدەگرێ گوڵو بەهارو بولبولو جوانی مانای نامێنێ، هیچ مرۆڤێك بیر لە ئەوین ناکاتەوەو رقو کین دژی زستان لە ناو دڵانێکی کە لە لێدان کەوتوون، هێلانەی کردووەو لە راستیدا دڵ نەماونو تەواوی دڵەکان مردوونو وەرزە رەنگینەکەی بەهار لە جیاتی خۆڕازاندنەوە شینێکی دڵتەزێن دەگێڕێ مرۆڤەکان بە چاوانی پڕ لە فرمێسكو لە سەرەتای ساڵی تازەدا چاوەڕانی کاروانن، کاروانێك کە ناوی نەمرانی کوردستان بە جێگەی گیاو گوڵ لە دڵماندا شین دەکەن.

٢٥ی رەشەمەی ساڵی ٦٦ی هەتاوی بەرابەر بە ١٩٨٨/٣/١٦ی زایینی ئەو رۆژەیە کە لە لایەن خوێن خۆرانی کوردەوە، کیمیایی کرا بە نەورۆزانەو بە دیاری درا بە نەتەوەی کوردو شاری جوانی هەڵەبجە، بێ باڵدارو بێ بەهار کرا.

هەر کە ناوی تۆ دەبیستم، گریان دەمگرێو بۆنی گازی سیانیدو خەردەل دەکەم، ٢٠ ساڵە لە جیاتی باران، خوێن دەبارێ، هەڵەبجەی بێتاوان، بووە دەستە خوشکی هیرۆشیماو ناکازاکی. لە یەك کاتدا ٥٠٠٠ ئەستێرە لە سەر ئەم شارە کوژانەوەو ٥٠٠٠ پەپولەی سپی سەریان لێ شێواو ئاسمان کۆڕی شیوەنو ماتەمینی گێڕاو هەر تەرمی خەڵك بوو، وەك گەڵای داری پاییز دەوەریو هەڵەبجە شەهید کراو مێژووەکەی بە خوێن نووسراو بووە ناسنامەو پاسپۆرت بۆ نەتەوەی کورد.

**تۆ خوێنی بێ بڕانەوەی — لە پاڵ تۆدا هەر بەهارێك دەژیەتەوە**
**بە قووڵایی دەشتو چیاکانت — گوڵاڵەی سوور دەڕوێتەوە**

کێ دیوێتی، شارێك لە یەك کاتدا ببێ بە گۆڕستان، هەر شتێك لەم نیشتمانە تێکەڵ بە خوێنو ئێسقانە، باسی چیتان بۆ بکەم، لە چی بۆتان بدوێم، تەنیا مۆژدە بۆ هەڵەبجە، ئەوەیە کە دەشتو چیاکانی بە گوڵی سوور رازاونەتەوەو دەبێ دوژمنانی نەتەوەی کورد، شەرمی ئەو گوڵە سوورانە بیانگرێ.

سێ رۆژ دوای کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە، کۆبوونەوەی وڵاتانی بەناو ئیسلامی لە کوەیت بەڕێوە چوو، بەڵام هیچ قسەو باسێك لەو کارەساتە نەکرا، بە هۆی بیرو بڕوای گەندی عەرەبەکان، جگە لە نەتەوەی عەرەب، هیچ نەتەوەیەکی دیکە حەقی زیندوومانەوەیان لەسەر ئەم زەوییە نییە.

ئەی پەپولەکانی کوردستان، گوێ راگرن کە دارەکان، تازە چرۆو شکۆفەیان دەرکردبوو، چاویان لە فرمێسکی گەلی هەژارو چەوساوە دەکرد. ئەی نەمرانی کوردستان، ئێوە کە بە حورمەتی گوڵە سوورەکان، بە خوێنی خۆتان دەسنوێژتان گرتبوو، رۆژێك جێژنی سەرکەوتن وەك نەورۆزانە دەدەن بە ئێمە.

ئەی هەڵەبجەی کوردستان، ئەی هەڵەبجەی لە خوێن گەوزاو ئەوە بزانە کە هیچ کاتێك لە یاد ناچی، ئەوە بزانە کە هێزو توانای رۆڵە خۆشەویستەکانت لە بیر ناکەن. ئەی شارە ماتەمینەکەم، دەزانم کە لە چاوی جوانو پڕ لە خوێنتا، فرمێسکت هەڵوەراندووە، فرمێسك بۆ رۆڵەکانت، بۆ ئازیزانت. ئەی هەڵەبجە خۆشەویستەکەم، ئەوە بزانە کە هەموو لەگەڵتینو دەست دەخەینە ناو دەستو بەڵێنیت پێ دەدەین، کە تاکوو بمێنین، بە یادی تۆوە دەمێنینو لاپەڕەی سووری مێژووت هەمیشە لەرۆحماندا شەکاوە رادەگرین.

ئەگەر تاریکیو شەوەزەنگ دیاری هەورە رەشە مێژووە، رۆژێك دێ کە گزینگی بەرەبەیان لە لایەکی دیکە، دڵی پارێزەرانی رووناکی دەدرەوشێنێتەوە.

ئاخ، ئەی شەرمو شکۆفەکانی پەرێشان، کە لە قووڵایی ئاسمانەکانن بنواڕن کە زەماوەندی شەوە زەنگ وێڕای زستانی مەرگ هێنەر، کۆڕی ماتەمینیان بۆ هەژاران هەڵبەستو شەونشینی زۆرداران، بارانەی خەمیان بۆ سارێژ کردنی زامەکان، بەسەر رۆڵەکانی کاوەدا باراندو مزگێنی شادییان بۆ زوحاکی خوێن خۆر برد. بەڵام شەوو شەوەزەنگ، گەرچی دوورو درێژ بوو، گەرچی شەللاقی تووڕەییو شێتی لە ئاسمان بەسەر لەشی ماندووی ئێمەدا دەباری، بەڵام گەڵای داری ناهومێدی نین، ئێمە کێوی سەربەرزین راوەستاو بەقەد بڵێندایی ئاسمان، بە قووڵایی دەریا بێ سنوورەکانو بە شکۆمەندیی ئینسان، هەڵەبجەش ئەو پەڕی باوەڕی ئیمانی ئێمەیە. بەو هێوایەی یادی هەڵەبجە بکرێتە سەرەتای ئاشتیو برایەتیو سارێژ کردنی زامەکان.

**ئەم ئاسمانە بۆ هێندە بێ باڵندەیە — نەکا فڕین لەم وڵاتە کۆچی کردبێ**
**ئەم باخە بۆ هیچ گوڵێکی لێ ناپشکوێ — نەکا بەهار ئەم وڵاتەی بەجێ هێشتبێ**

راستە بە ژاراوەی ئەتۆم دوایین دڵۆپی ژیان لە شادەماری هیرۆشیما بە ١٤٠٠٠٠ (سەدو چل هەزار) کەسو ناکازاکی بە ٧٥٠٠٠ (حەفتاو پێنج هەزار) کەس چۆڕایەوە، راستە بە هەزاران خەڵکی بۆسنی بە دەست جەلادەکانی سێرب قەڵاچۆ کران، راستە لە یازدەی سپتامبر ئاسمانی ئەمریکا بوو بە گۆڕستان، بەڵام بیستمانو بینیمان کە چۆن ویژدانی مرۆڤایەتی وەخرۆش هاتو جیهانی سیاسەت نوقمی هاناو بەرپرسایەتی، ئەی کپ بوونی جیهان بە حاست هەڵەبجەی کوردستان چی، کە لە چرکە ساتێکا تەنیا مژێ لە ئۆکسیژن، بوو بە کاڵایەك بە بایەخی ژیان، ئەی خۆگێل کردن لە حاست ١١٣ کوژراو ٧٠٠٠ (حەوت هەزار) دا فەوتاوی زامو ئێشی ناپاڵم لە سەردەشتی موکریان چی؟

کاتێك دوکتورەکان دەرمانی نوێ دروست دەکەن، پێش ئەوەی لە سەر مرۆڤ تاقی بکەنەوە، لەسەر مشكو کەروێشكو ئاژەڵی لەو بابەتە تاقی دەکەنەوە، بەڵام بۆمبای سووتێنەر ژەهراوی زلهێزەکان، یەکەمجارو راستەخۆ لە سەر مرۆڤی کورد تاقی دەکرێتەوە، ئایا کورد مشكو کەروێشکە؟

کەسێك بە ناوی فرانس وان ئانراد ساحەبی شیرکەتێکی هولەندی کە ١٤٠٠ (هەزارو چوارسەد) تۆن کەرەسەی کیمیایی بە عێراق فرۆشتبوو، لە لایەن دادگای لاهە بە ١٥ ساڵ زیندانو بڕێك جەریمە مەحکوم دەبێ، لە بەرابەر سێ هەزار کوژراوو حەفتا هەزار بریندارو نەخۆشدا. زۆر بە جێیە کە ساڵیادی هەڵەبجە ببێتە رەجمی دیکتاتۆرو خوێن خۆرەکان، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا و ببێتە رۆژی داکۆکی لە مافی دیاری کردنی چارەنووس. بە یەکگرتوویی نەتەوەکەمان، با نەهێڵین بۆ جارێکی دیکە لە ئاسمانی نیشتمانەکەمان، لە جێگای باران، خوێن ببارێو یادی هەڵەبجە بکرێتە مەشخەڵی یەکیەتی بۆ ئازادی کوردستان.

عومەر خاوەر خەڵکی کوێیە؟ لە کام وڵات نیشتەجێیە؟ کۆرپەکەی وا لە باوەشی بۆ هەڵنایەت چاوی گەشی؟

لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە کە داهاتوویەکی رۆشنمان هەبێو لە جێگای شیوەن بۆ شەهیدانی هەڵەبجە، جێژنی شادیو سەرکەوتن بگێڕین.

**ناتوێینەوە**

**گەر خەیاڵتان وایە، ئیتر دەبڕێینەوە، نابڕێینەوە**
**گەر خەیاڵتان وایە، ئیتر دەتوێینەوە، ناتوێینەوە**
**تۆوی تۆڵەین دەڕوێیننەوە**
**کوڕانو کچان ناو دەنێین هەڵەبجە**
**تا بیست هەزار هەڵەبجەمان گەورە دەبێ**
**هەڵەبجەمانن هەڵەبجەمان بۆ زیندوو دەکەنەوە**
**گەر خەیاڵتان وا بێ، ئیتر دەبڕێینەوە، نابڕێینەوە**
**ئێمە کوردین، میلیۆنانین لە سەرانسەری دنیا داین**
**تۆوی تۆڵەین دەڕوێیننەوە، ناتوێینەوە**

ئەو کارەساتە هەرگیز لە بیر حەقخوازان ناچێتەوەو مێژوو داستانی درێژی ئەو کارەساتە لە سنگیدا تۆمار دەکا. لە ساڵوەگەڕی ئەم کارەساتەدا سەرەخۆشی لە هەموو حەقخوازانو نەتەوەی کوردو خەڵکی دڵ بەژانی هەڵەبجە دەکەمو بەو هیوایەی دەوڵەتانو کەسانی تاوانبار بە تاوانی خۆیان بگەن.

٥ ی رێبەندانی ٢٧٠٧ی کوردی






## فەیلەسووفە سروشتییەکان

بە گشتی یەکەمین فەیلەسووفانی یونانی دێرین بە فەیلەسووفە سروشتییەکان ناو دەبەن، چونکە سروشت و رووداوە سروشتییەکان بابەتی بیرکردنەوەو تێڕامانی ئەوان بووو پتر لە هەموو چشتێکی تر گرنگییان پێ دەدا. یەکەمین فەیلەسووفانی یونان بە تێکڕا لەم باوەڕەدا بوون کە دەبێ مایەیەکی سەرەتایی بووبێت کە بە هۆی ئەو مایەیەوە گۆڕانە سروشتییەکان روویان دابێت. ئەوان دەیانویست نەك بە پشتەستن بە ئەفسانە و ئۆستوورە، بەڵکوو بە هۆی خودی سروشتەوە ئەو گۆڕانکارییانە روون بکەنەوە کە لە سروشتدا روو دەدەن. ئەم میتۆدەش بە تەواوی لەو میتۆدە جیاواز بوو کە هەموو رووداوەکانی بە لێکەوتەی بڕیاری خواکان دەزانیو، هەر بەم میتۆدەش بوو کە فەلسەفە رێچکەی خۆی لە ئەفسانە و ئۆستوورەکان جیا کردەوەو لێیان رزگار بوو. دەکرێت بڵێین کە ئەم فەیلەسووفانە یەکەمین هەنگاویان لە راستای هزرینی زانستییانەدا هەڵهێنایەوە.

بەشێکی گەورە لە بەرهەمەکانی فەیلەسووفانی سروشتی لە نێو چووەو ئێمە پتر لە رێگای راپۆرتگەلێکەوە کە ئەرەستوو لە نووسراوەکانیدا نووسیونی دەیانناسین. دیارە لە نووسراوەکانی ئەرەستوودا تەنیا ئاماژە بە ئاکامەکانی بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسووفانە کراوە.

ئەو کەسانەی کە بە ناوی فەیلەسووفە سروشتییەکان ناسراون سێ کەسن: تالیس، ئەناکسیماندروس و ئاناکسیمێنس کە بە نۆبە باسی هەرسێکیان دەکەین. بەڵام بەر لەوەی کە بچینە سەر باسی خودی فەیلەسووفانی میلتوس پێشەکی ئاماژەیەك بە شوێنەزای ئەم فەیلەسووفانە، واتە میلتوس دەکەین.

**میلتوس:**

میلتوس شارێك بوو لە قەراخ دەریادا کە لە لێواری ئانتولیا لە پارێزگای ئایدینی تورکیای ئەمڕۆییدا هەڵکەوتووە. ئەم شارە لە سەدەکانی هەوتەم و شەشەمی پێش زایینیدا بە گرنگترین شاری ئیونا ئەژمار دەکراو ئەو کەشتییانەی کە هەمووکات لە هاتوچوودا بوون زۆرجار دەبوونە مێمانی بەندەرگەکەی ئەم شارە. هەر بۆیە خەڵکی میلتووس بوارێکی زیاتریان بۆ دەست هەڵگرتن لە باوەڕە ئایینییەکانیان تێدا بەدی دەکرا.

**تالیس:**

تالیس کە لە دەورووبەری ساڵی ٦٢٥ی تاکوو ٥٤٥ی پێش زایین ژیا بە باوکی فەلسەفەی یونان و قوتابخانەی میلتووس دێتە ئەژمار، هەروەها زۆرکەس بە باوکی زانستیشی لە قەڵەم دەدەن. تالیس گەلێك هۆگری گەشتو گوزار بووو لە ژیانیدا سەفەری زۆری کرد.

هونەری تالیس لە شێوەی ئاراستە کردنی پرسیادا بوو کە پەیڤی "چ؟"ی کردە جێنشینی "کێ؟". ئەو لە بری ئەوەی کە بپرسێت کێ جیهانی دروست کردوە؟ بەم شێوەیە پرسیارەکەی ئاراستە کرد کە، جیهان لە چ چشتێك دروست بووە؟ ئەو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا "ئاو"ی بە بنەمای هەموو توخمەکانی دیکە دەزانیو دەیگوت شێ (رطوبت، نم) ژیانەو نەبوونی شێ مەرگ. دیارە روون نیە بە تەواوی مەبەستی ئەو لەم وتەیە چیە، بەڵام وێدەچێت مەبەستی ئەوە بووبێت کە هەموو شتێك لە ئاو دروست بووە و لە کۆتاییشدا دەبێتەوە بە ئاو. ئەمەش رەنگە بە هۆی گرنگییەك بووبێت کە ئاو لە ژیاندا هەیەتی، بە تایبەتی کە شوێنی ژیانی ئەو "میلتووس" شارێکی دوورگەئاسا بووەو، ئاو بۆ خەڵکی ئەم شارە گرنگییەکی تایبەتی هەبووە. یان رەنگە بیری لەوە کردبێتەوە کە ئاو ئەگەر گەرم بکرێت دەبێتە هەڵم (بخار) و ئەگەریش سارد بکرێتەوە دەبێتە سەهۆڵ. بە هەر حاڵ مەبەستی ئەو و چۆنیەتی گەیشتنی بەم باوەڕە بە روونی دیار نیە.

تالیس باوەڕی بە زیندوو بوونەوەو ژیان لە جیهانێکی دیکەدا هەبووو پێی وا بوو کە هەموو مرۆڤێك خاوەن رۆحێکی هەرمان و سەرمەدی و نەمرە.


تالیس هەروەك فەلسەفە شارەزاییشی لە دۆزینەوە زانستییەکانیشدا هەبوو. بۆ وێنە لە ٢٨ی مای ٥٨٥دا گیرانی خۆر "کسوف"ێکی پێشبینی کرد کە دروست دەرچوو، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە بە سەرکەوتنێکی گەورە ئاژمار دەکرا. هەروەها ئەو توانی لە رووی سێبەری ئەهرامی میسرەوە ئەندازەی ئەهرامەکە وەدەست بێنێت. ئەم کارەشی لە کاتێکی رۆژدا کرد کە سێبەری ئەهرامەکە بە قەدەر خودی ئەهرامەکە بوو. تالیس ئەستێرەناس و بیرکاری زانێکی بەتواناش بوو. هێراکلیتووس لەم بارەوە دەڵێت:"تالیس یەکەمین کەسێك بوو کە بە ئاکامگەلێکی ئەستێرەناسانە گەیشت." کالیماخوسیش ئەوی بە دۆزەرەوەی ئەستێرەی "دب اصغر" دەزانی.

سەرەڕای ئەمانەش تالیس بازرگان و ساتوسەوداگەرێکی بەبەهرەش بوو. جارێکیان کەمبوونی زەیتوونی ساڵی پێشبینی کردو زەیتوونێکی زۆری بۆ خۆی هەڵگرت و سوودێکی زۆری لێ وەرگرت.




# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی



**تۆلستۆی - لئۆ**

**١٨٢٨ - ١٩١٠**

چیرۆك نووس، فەیلەسووفی ئەخلاقیو گەورە پیاوچاکی کۆمەڵایەتیی رووس لە ٩ی سپتامبری ١٨٢٨ لە ئیالەتی تۆلا لەدایك بووە، لە ٢٠ی نوامبری ١٩١٠ کۆچی دوایی کردوە. یەکێك لە ئەشراف زادەکانی رووس بوو. تۆلستۆی لە تەمەنی منداڵیدا بوو کە باوكو دایکی مردنو خزمو کەس گەورەیان کرد. ئەو لە خزمەت مامۆستایانی غەیرە رووسیدا پێگەیشت. لە ساڵی ١٨٤٨ لە تەمەنی ١٦ ساڵی لە زانکۆی (کازان) ناوی خۆی نووسی بەڵام هەوڵەکانی تۆلستۆی بەو رێگەیەدا رۆیشت کە لەگەڵ چینی ئەشرافی خەڵکی کازان پێوەندی بگرێ. پاش سێ ساڵ زانکۆی بەجێ هێشت. پاش ماوەیەك چووە مسکۆ دواتر بۆ پترزبورگ، لەم دوو شارەدا وەك ئەستێرەی کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبی ئەعیانییەکان دەژمێردرا. لە ساڵی ١٨٥١ چووە قەفقاز لە سەر داوای خۆی چووە هەنگی تۆپخانەی قەفقاز لەگەڵ قەبیلەو عەشایەرەکانی ئەو سەردەمە شەڕی کرد، ئەمانەی لە کتێبەکانیدا هێناوە.

ساڵی ١٨٥٧ لە قشوون هاتە دەرێو لە ملکەکەی خۆیدا قوتابخانەیەکی کردەوە، گریمانە پەروەردەییەکانی خۆی خستە بەر تاقی کردنەوە. لە تەمەنی ٤٣ ساڵەییدا ژنی هێنا. پازدە ساڵ دواتری لەوپەڕی خۆشیدا تێپەڕ کردو بوو بە خاوەنی سێزدە منداڵ. شاکاری خۆی بە ناوی ئاشتیو شەڕ (صلح و جنگ)،و ئاناکارنینا لەو دەورانەدا نووسیوەو تۆلستۆی باوەڕی بەو پێنج فەرمانەی ئینجیل هەبوو، تووڕە مەبە، هەوەسبازی مەکە، لەبەرامبەر ئەو کەسەی تۆی پێگەیاندوە بەربەرەکانی مەکە، لە بەرامبەر خراپەو چاکەکاراندا مێهربان بە، قسەی خراپو ناشوکری مەکە، سوێند مەخۆ.

وردە وردە کەلیسای ئۆرتۆدۆکسو دەوڵەتی رووسیە لەگەڵی کەوتنە کێشەوە، پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ پچڕاند، تۆلستۆی هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە دەبێ خاوەندارییەتی مەحکوم بکرێ لەبەر ئەوەی سەرچاوەی هەموو شەڕو کێشەکانە، تۆلستۆی شەڕو کێشەو بەکارهێنانی جگەرەو گۆشت خواردنی مەحکوم دەکرد، بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا لە لای خەڵك ناسراو ناوبانگی پەیدا کرد. خەڵك لە هەموو شوێنێکەوە دەچوون بۆ دیتنی. لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا لە سەر ملكو ماڵەکەی هەڵهات، دەیگوت شەرم لە خۆم دەکەم من لە خۆشیدا بژیم بەڵام خەڵك لە برسان بمرن.

ماوەیەکی زۆر لەگەل ژنەکەی لەسەر دابەش کردنی ملكو ماڵەکەی دەمەقاڵەیان بوو، لەبەر ئەوەی ژنەکەی نەیدەویست تۆلستۆی ملكو ماڵەکەی دابەش بکاو لە دەستی بدات. ئەو پاش هەڵهاتن لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر گیانی لە دەست دا خەڵك تەرمەکەیان بۆ ناشتن بردەوە بۆ ملکەکەی خۆی، باشترین کتێبەکانی ئەو بریتی بوون لە: مێژووی دوێنێ، منداڵیو لاویەتی، سێ مردن، شەڕو ئاشتی، ئاناکارنینا،....

# گەمەی دیپلۆماسی یان بەرایی هێرشێکی نیزامی

عەلی بداغی

**ئەم بڕیارنامەیە بۆ ئەمریکا دەسکەوتێکی سیاسیو دیپلۆماسییە کە توانیویەتی کۆدەنگییەکی جیهانی دژی ئێران وەڕێ بخاو هەنگاو بە هەنگاو ئەو کۆدەنگییە تا بە چۆك داهێنانی ئێران درێژە پێبدا.**

ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٣ی ڕەشەمەی ئەم ساڵ بڕیارنامەیەکی نوێی دژی ئێران پەسند کرد. بڕیارنامەی ١٨٠٣ی ئەنجومەنی تەناهی لە درێژەی ئەو ڕەوتی سزادانو سەپاندنی ئەو گەمارۆیانە دا هاتوە کە لە ٣ ساڵ لەوەپێشەوەو لە چوارچێوەی دوو بڕیارنامەی پێشووی ١٧٣٧و ١٧٤٧ی ئەنجومەنی تەناهیدا دژی حکوومەتی ئێران پەسند کراون. ئەگەرچی مەبەست لەو سزادانەی ئێران پاشگەز کردنەوەی ئەو وڵاتە لە پیتاندنی یۆرانیومو دەست هەڵگرتنی ڕێژیمی ئیسلامی لە چالاکییە ناوکییەکانیەتی، بەڵام ئەم هەوڵانە تا ئێستا نەیتوانیوە پیتاندنی یۆرانیومو چالاکییە ناوکییەکانی ئێران ڕابگرێ. لە پێوەندی لەگەڵ دەسپێکی سێهەم خولی سزاکانو گەمارۆی ئێران لە چوارچێوەی بڕیارنامەی ١٨٠٣دا ئاماژە بە چەند خاڵ پێویستە:

١ـ بڕیارنامەی ١٨٠٣ بە دەنگی گشتیی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی تەناهی جگە لە دەنگی نە "ئا"و نە"نا"ی ئەندونێزی پەسند کرا، ئەوەش واتای دوو شتە: یەکەم ئەوەی پەیامێکی لێبراوانەی جیهانییە کە ئێران لەوە وشیار دەکاتەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە ئاست چالاکییە ناوکییەکانی ئێران خەمساردو بێدەنگ نیە. دووهەم ئەوەی کە ئەم بڕیارنامەیە بۆ ئەمریکا دەسکەوتێکی سیاسیو دیپلۆماسییە کە توانیویەتی کۆدەنگییەکی جیهانی دژی ئێران وەڕێ بخاو هەنگاو بە هەنگاو ئەو کۆدەنگییە تا بە چۆك داهێنانی ئێران درێژە پێبدا.

٢ـ ئەم بڕیارنامەیە سەلماندی کە پێشبینییەکانی دەوڵەتی ئێران چەندە دوور لە ڕیئاڵی سیاسی بوونو چەندە ئەو بەڵێنانەی کە ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەریگرتبوونو ئەحمەدینەژاد بە پشت بەستن بەو بەڵێنانە خاڵی کۆتایی لەسەر کێشەی ناوکیی ئێران دانابوو، دوور لە ڕاستیو بێ ئیعتیبار بوون.

٣ـ ئەو بڕیارنامەیەو پەسند کردنو ڕاگەیاندنەکەی لە ئێراندا بەهۆی پروپاگەندەکانی هەشتەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی خرایە پەراوێزی ڕاگەیاندنەوەو ڕێژیم بە قۆستنەوەی ئەو هەلە بیروڕای گشتیی ئێرانی لەو مژارە بە لارێدا برد.

بەڵام هەر لەو پێوەندییەش دا هێنانە گۆڕێی چەند پرسیار گرینگە:

کاریگەریی ئەم گەمارۆیانە لەسەر ئابووریی ئێران چین؟ فاکتۆری "کات" لەو گەمارۆیانەدا چەند قازانجو چەند بە زیانی ڕێژیمە؟ ئایا ئەو گەمارۆیانە بەرایی هێرشێکی نیزامی دژی ئێران نین؟



لە نێوان ئەو ململانێ ئاڵۆزو پڕ گەنگەشەیەدا کێ قازانج دەکاو کێ دەیدۆڕێنێ؟

سزاکانی ئەنجومەنی تەناهی دژی ئێران کە بە سزای هۆشمەندی ئابووری بەناوبانگن، لە بنەڕەت دا بە مەبەستی خستنە ژێر گوشاری کار بەدەستانو بەرپرسانی ڕێژیم بۆ ملدان بە ویستەکانی کۆمەڵگای جیهانی بەڕێوەدەچن، هەر بۆیەش بەو هەستیارییەوە ڕەچاوی ئەوە دەکرێ کە سزاکان لایەنی بژیوو پێداویستییە سەرەکیو ژیانەکییەکانی خەڵکی نەگرێتەوە. هەربۆیەش دەبینین کە هیچ کام لەو سێ بڕیارنامەیە ڕاستەوخۆ هەناردەی نەوتو گازی ئێرانی نەگرتۆتەوە. دیارە ئەگەرچی درێژە کێشانی ئەو ململانێیە لە درێژخایەن دا لە سەر ڕەوتی سەرمایەدانانی بیانی لە ئێرانو بازرگانیی جیهانی لەگەڵ ئەو وڵاتە کاریگەریی نەرێنیی خۆی دەبێ، بەڵام چوونە سەرێی نرخی نەوت تا ئاستی ١١٠ دۆلار بۆهەر بۆشکەیەك ئەو ئیمکانە بە حکوومەتی ئێران دەدا کە لە ئێستا دا بەرگەی ئەو سزایانە بگرێو لە بەرامبەریان دا خۆراگر بێ.

لەو نێوەدا گرینگ کاتە. ئەو ململانێیە تاکەی بەردەوامو هەروا درێژەی دەبێ؟ چونکی ئەزموون نیشانی داوە کە گەمارۆی هۆشمەند لە درێژخایەنیش دا نەك ناتوانێ گوتارو هەڵوێستی کاربەدەستانو بەرپرسانی ڕێژیمە توتالیتێرو سەرەڕۆکان بگۆڕێ، بەڵکوو کاریگەریی نەرێنیی زۆریشی لەسەر ژیانی خەڵکی دەبێ. ڕێژیم لەو نێوەدا بە کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتو فاکتۆری کات درێژە بە چالاکییە ناوکییەکانیو هەروەها پڕ چەککردنی خۆی دەدا، بەڵام بژێوی خەڵك تووشو گران دەبێو ڕێژیم لە بودجەی بێهداشتو دەرمانو فێرکردن دەبڕێو دەیخاتەسەر بودجەی نیزامی بۆ کڕینی کەلو پەلو چەكو چۆڵو بەمجۆرە بەسراوەیی خەڵك بە حکوومەت زێدەتر دەبێ. ئەوە جیا لەوەی لە درێژخایەن دا زۆر لەو وڵاتانەی گەمارۆیان بەسەر ڕێژیم دا سەپاندوە بۆ قوتار بوون لە تێچووەکانی گەمارۆ هەر بۆ خۆیان بە ئاشکراو بە نهێنی بازرگانی لەگەڵ ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێران دەست پێدەکەنەوە. مێژووی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکان پڕە لەو جۆرە گەمەیە.

هەر بۆیەش پێچەوانەی ئامانجەکانی گەمارۆی هۆشمەند ئەوە خەڵکانی ئێرانن کە دەبێ سووتەمەنیی ئەو ململانێیە بن و تووشیان بە تووشی گرانی، بێکاریو ئاوسانی زیاتر لەوەش دەبێ.

کەوابوو ئامانجو ئاکامەکانی ئەو گەمارۆیانە لە کوێدا یەکتر دەنگێون؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە دەرەنجامی سیاسەتەکانی ئەمریکا دایە.

ئەمریکا لە سێ ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی کۆدەنگییەکی نێونەتەوەیی دژی ئێران دروست بکاو ئەو کۆدەنگییە بە شێنەییو ئەسپایی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی جیدیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیم بەکار دێنێ. هەر بۆیەش بە کڕینی کاتو پەلە نەکردن لە سەپاندنی سزای قورستر لەو گەمارۆیانە هەوڵ دەدا وێڕای پاراستنی کۆدەنگیی ئێستا بەڵگەو دیکومێنتی پێویست بۆ ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە وەدەست بخاو هەڵەی پێشووی سەبارەت بە عێراق لەو وڵاتەدا دووپات نەکاتەوە.

ڕێژیمیش لەو کات کڕینەی ئەمریکا ئەو قازانجە دەکا کە ئەویش بەرنامە ناوکییەکانی بە ئاکام بگەیەنێو لەو پێشبڕکێیەدا ئەمریکا هەوڵ دەدا بە درێژەدان بە دیپلۆماسی چالاکیی خۆی درێژە بە دەرکردنی بڕیارنامەکانی دیکەی لەو چەشنە لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بدا تا دەرفەتە زێڕینەکەی بۆ دەرەخسێو هەمیش بە کاریگەریی نەرێنیی گەمارۆکان لەسەر ئابووریی ئێران ڕێژیم تووشی قەیرانی دوای قەیران بکا.

بەڵام ئەوە ئێرانە کە کۆتایی ئەم پێشبڕکێیەو درەنگ و زووەکەی دیاری دەکا. چەکی ناوکی هێڵی سووری دیپلۆماسیو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە. چەند ئێران لەو هێڵە نیزیك بێتەوە، ئەوەندەش ئاسۆی کۆتاییەکانی ئەم پێشبڕکێیە دەردەکەون.

دریژەی

# پێکگەیشتنی دوو شێوە ڕوانین، بەڵێ یان نە

هەڵنەگرانەی ئەم دواییەو قەیرانی ڕەواییو فەلسەفەی بوونی حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان. هەرکام لەم حیزبانە دەخوازن لە ڕێگای بەڕێوە بردنی سیمینارو ڕێوڕەسمی جۆربەجۆر بۆ ڕێزگرتن لە ڕابردووە پڕشانازییەکەیان بیروڕای گشتی بەلای خۆیاندا ڕاکێشنو ڕەوایەت بەخۆیان بدەنو دوورکەوتنەوە لە ڕابردوو قەدەخە دەکەنو بە مەترسیداری لە قەڵەم دەدەن، کە دیارە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و دەتوانین لە هەڵسوکەوتو کرداری ئەم حیزبانە هەڵی هێنجنین.

وێدەچێت کە ئەگەر سیاسییەکانی نێو حیزبەکان پێداچوونەوەیەکی بوێرانە بە هەلومەرجی خەباتدا نەکەنو لەو کۆتو بەستانە ڕزگار نەبن کە گەورە کراونەتەوەو هەر لێرەدا کۆتایی بەو خەسارانە نەیەت کە لە باوەڕدار بوون بە واتای خوێندنەوەی ناڕاستیانەی واقیع بینیی سیاسی لە ڕووگەی ڕێبەرانی ئەم حیزبانەوە سەرچاوەیان گرتوە لە داهاتوودا شایەتی ئامادەیی کەمڕەنگتری ئەم حیزبانە لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتیدا دەبین.

بژاردە سیاسییەکانو ڕووناکبیرانی سەر بەخۆو کۆمەڵێکیش لە چالاکانی سیاسیی نێو حیزبەکانیش کە بەشێکیتر لە ئەکتەرەکانی بزاڤی نەتەوەیی خۆرهەڵاتی کوردستان پێك دێنن، گیرۆدەی دیاردەیەکی دیکە بوون کە من بە ئایدیالیزمی ناواقیع بینانە ناودێری دەکەم. ئەم بەشە بە تاوانبار کردنی حیزبەکان بە پاسیڤ بوون لە ژێر سێبەری بەستراوەیی و هەندێ جاریش پلەیەك سەرتر، خۆ بەدەستەوەدان لە بەرامبەر ئەو دۆخەی کە هەیەو شرۆڤەی ناواقیعی هاوکێشە سیاسییەکانو زێدەڕۆیی کردن لە بەرتەسك نواندنی بیاڤی گشتیی کۆمەڵگە بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە، خۆیان گیرۆدەی زێدەخوازی کردوەو بە هێنانە کایەی خواستگەلێکی بەرزە فڕانە بوون بە لایەنی نەیاری ئەم هاوکێشە نەناسراوەو ئاڵۆزییەکی پتریان بەم بابەتە بەخشیوەو دەخوازن بە شەوێك ڕێگای سەد ساڵ بپێون. خوێندنەوەی بۆچوونەکانی ئەم دەستە لە چالاکانی سیاسی نیشاندەری پەرچەکردارێکی ڕادیکاڵە لە بەرامبەر کرداری کۆنسێرڤاتڤانەی حیزبە سیاسییەکانو پاساو هێنانەوەکانی ڕێبەرانی ئەم حیزبانە کە جاربەجاریش پاساوهێنانەوەگەلێکە بە ئاراستەی خۆدەربازکردن لە بەرپرسایەتی.

دیارە لە ساڵی ڕابردوودا دەستەیەك لە چالاکانی سیاسیی نێو حیزبەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەك نموونەیەکی بەرچاو هەستیان بە گۆرانکاریو پێداچوونەوە کردوەو هەنگاوگەلێکی پڕبایەخیان لە ڕاستای چالاك کردنەوەی هێزو توانا دەوڵەمەندەکانی نێو حیزبدا هەڵ هێناوەتەوە کە ئەگەر ئەم پڕۆسەیە سەر بکەوێت زۆر دوور نیە کە بێ هیواییەکانی کۆمەڵانی خەڵك ببێتە خرۆشانی توانایییە شاراوەکان، سەرەتا لە نێو حیزبەکانداو پاشانیش توێژە جۆربەجۆرەکانی خەڵك.

بە باوەڕی من خاڵی یەکگرتنەوەی ئەم دوو ڕوانگەیەو کاریگەریی وەرگرتنیان لە یەکتر دەتوانێت هەنگاوێکی ئەرێنی بێت لە بەرەو پێش بردنی ئامانجە هاوبەشەکانو بوارسازی جووڵانەوەیەکی نوێ لە خەباتو ئاراستە دان بەو پۆتانسییەلانە بێت کە لە کەشوهەوای کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی کوردستان دان. لێك نزیك بوونەوەی ئەم دوو شێوە بیرکردنەوەیە دەتوانێت تا ڕادەیەك ئەو زامانە تیمار بکات کە لە لێکدابڕانەکانی ئەم دواییەی حیزبەکانەوە سەرچاوەی گرتوەو بزاڤی جەماوەریو توێژە جۆربەجۆرەکانی خەڵك ڕێك بخاتو بە ڕێچکەی خواستە نەتەوەییەکان دا ڕێنوێنیی بکات. لە ڕەوشێکدا کە شوێنکەوتووانی ئەم دوو ڕوانگەیە دەست لە ڕەتکردنەوەو نکۆڵی کردن لە یەکتر بشۆنەوەو ڕێچکەی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بارەی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ناقینو بێ بەری لە زێدەڕۆییو لە ڕاستای بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بگرنە پێش، دەتوانین چاوەڕوان بین کە ئەو قەیرانەی ئێستا ببێتە دەرفەتێکی لە بار بۆ پێشڤە بردنی ئامانجە ئازادیخوازانە نەتەوەییەکان.



# سوسیال دێموکراسی چییه؟

**( بەشی دەیەم )**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزمو سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە ولاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزییەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بلاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنە.**

سەدەی بیستەم نیشانی داوە کە لە پەیوەندی لە گەڵ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان - "چین"- تەنیا خاڵی جیاکەرەوە لە کۆمەڵگا نیە. بە درێژایی مێژوو نێر یا مێ بوون (Gender) خاڵێکی جیاکەرەوەیە کە هەمان دەوری بەرچاو لە شێوەی پلە پلە کردنی تاقمە جیاوازەکان وەک چین دەگێڕێت، هەر چەند کە ئەو مۆدێلە تایبەتمەندیی دیکەشی هەن. هەروەها دین یا پێشینەی ڕەگەزی دەتوانێ کەم تا کورتێک وەک فاکتەرێکی بە هێزی جیاکەرەوە خۆ بنوێنی.

لەوەش زیاتر، دێموکراسیی سیاسی و ڕێکخراوەکانی یەکێتیی کرێکاران کاریگەرییان لە سەر شێوەی دارشتنی دەسەلات هەبووە؛ خاوەنداره‌تی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە شێوەی سەدەی نۆزدەهەم خەڵک بە سەر چینی جیا جیادا دابەش ناکات.

هەموو ئەوانە بەو مانایەن کە چەمکی چین بە تەنیا بۆ شی کردنەوەی بەش بەش کردنی کۆمەڵگای مودێرن بەس نیە و ئەوان بە تەنیا لە ڕێگای ئاڵوگۆر لە ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا ناتوانن چارەسەر بکرێن. بەلام چەمکی چین وەک ئامرازێکی شیکردنەوە بە کەڵکە، ئەگەر مرۆڤ ڕێگا بدات کە وەک هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ژێر دەستی و سەروەری هەم لە ژیانی کار و هەم لە ئابووریدا ئاماژەی پێ بکرێت.

هێڵی جیاکەرەوە پێویست ناکات هەموو شتێک بگرێتەوە: هەم کرێکار و هەم خاوەن بەش (Shareholder) لە بەرژەوەندیان دایە کە کۆمپانیاکانی "ئەوان" بە هێز و سەرکەوتوو بن، چونکە ئەوە بناغەی مسۆگەریی کار و دڵنیایی لە گەڕانەوەی سەرمایەیە. بەلام لەوانەیە جیاوازیی یەکلا کەرەوە لە نێوان لایەنەکان بۆ چۆنیەتیی گەیشتن بەو بە هێزییە هەبێت. بردنە سەری ڕێژەی بەرهەمهێنان کە بە نرخی زیاد کردنی زەخت لە سەر کرێکاران تەواو بێت لەوانەیە بۆ خاوەن بەشەکان دڵخواز بێت: کاری زۆرتر بە هەمان مووچە. بەلام بۆ کرێکارەکان نرخی ئەوە، بە شێوەی زیاد بوونی گوشار (Stress) و چوونە سەری ئەگەری بریندار بوونیان، دەتوانێ نرخێکی ئێجگار زۆر بەرز بێت.

ئەوەندەی کە پێوەندیی بە باجدەرەوە هەیە، لەوانەیە تێچوونی چاوەدێری لە بریندارەکان، کە بە هۆی ئەو زەختە زۆرە ڕوو دەدات، وردە وردە لەو قازانجەی کە بە چوونە سەری ڕێژەی بەرهەمهێنان بە دەست دێت زیاتر بێت.

کێشەکانی بێ پسانەوەی نێوان لایەنەکانی بازاری کار کە لە سەر پرسی یاسای کار دێنە پێش بە هەمان شێوە دەکرێ لە ڕوانگەی دەسەلاتەوە، یا هەر بەو پێیە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە شی بکرێنەوە. ئاخۆ ئەوە خاوەن کارەکانن کە دەبێ ڕێگایان پێ بدرێ کە سەربەخۆ هەواڵی دەرکران بە کەسێک ڕابگەیێنن یا خود بەڵگەکانی ئەو دەرکردنە دەبێ چی بێت؟ یا تەنیا ڕێگا بدرێت کە دەرکردن لە بەر هەندێک هۆی تایبەتی بێت و دوای وتووێژ لە گەڵ نوێنەری سەندیکای کرێکاری فەرمانبەرەکان؟

گفتوگۆکان زۆر جار لەڕووی ئەو شتەی کە لەڕوانگەی ئابووری بازرگانییەوە ماقوڵە ئەنجام دەدرێن، بەلام لە کۆتاییدا، مەسەلەکە ئەوەیە کە دەسەلات بە سەر کار دەبێ بە کام لایەن بسپێردرێت. ئایا کرێکارەکان دەسەلاتیان بە سەر شوێنی کاری خۆیاندا هەبێت و بوێرن دژی خاوەن کارەکان بوەستن بە بێ ئەوەی کە کارەکەیان بکەوێتە مەترسی، یا خود ئەوان وەک "فاکتەری بەرهەمهێنانی" بێ گیان مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت کە دەکرێ کەڵکیان لێ وەرگیرێت یا خود بەپێی بڕیاری یەک لایەنەی خاوەن کارەکان فڕێ بدرێن؟

ئەوەی کە چەمکی چین فێرمان دەکات ئەوەیە کە ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە: لە بەرژەوەندی کێدا؟ کاریگەریی هەندێک کردەوەی دیاریکراو لە سەر لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگا چییە؟ چ جۆرە فەرمانبەرییەک یا فەرمانڕەواییەک بە هۆی هەندێک کردەوی سیاسی دروست دەبێت؟ هەڵبەت دەبێ ئەو پرسیارانە لە پێوەندی فاکتەرە جیاکەرەوەکانی تریش بکرێن، وەک نێر یا مێ بوون یا بنچینەی ڕەگەزی.

بەرز کردنەوەی ئەو پرسیارانە گرنگن، بە تایبەتی لە سەردەمی ئاڵوگۆڕ وەک سەردەمی ئێمەدا. زۆر



نوسخەی کە بە باشی تاقی کراونەوە چیتر کاریگەرییان نیە، هەر بۆیە گرنگە کە نوسخەی نوێ بە بێ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە پەسەند نەکەین، تەنیا لە بەر ئەوەی کە نوێن، بەڵکوو لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی کە بزانین بە قازانجی کێن و لە دژی بەرژەوەندی کێن: کە ئێمە دەبێ لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی کە بزانین ئاخۆ چی بکەین بۆ ئەوەی کە دڵنیا بین کە ئاڵوگۆڕە حەتمییەکان لە بەرهەمهێنان، جیاوازی چینایەتیی نوێ دروست نەکەن و نەبنە دابەش بوونی نوێ بە سەر ئەوانەی کە دەسەلاتیان بە سەر ژیانی کاری خۆیانەوە هەیە و ئەوانەی کە ئەو دەسەلاتەیان نیە.

مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە چەمکی چین دەتوانێ بیبینێ کە ئەگەری ئەو جۆرە گۆڕانکارییە گەلێک بەرچاوە. لە کۆمەڵگای پشت بەستوو بە تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو، کە جێگای کۆمەڵگای پیشەسازی دەگرێتەوە، زانیاری دەورێکی یەکجار بەرز دەگێڕێ.

بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوەی مارکسیستی، ئێمە دەتوانین بڵێین کە زانیاری خەریکە زۆر بە خێرایی ببێتە یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان، کە دەسەلات بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر دەکات لە کاتێکدا کە ئەو کەسانەی کە خاوەنی زانیاری نین دەبینن کە دوا دەکەون. لەو حاڵەتەدا ستراتێژیی ڕوونی سۆسیال دێموکراسی ئەوەیە کە تێبکۆشێت کە ئەو فاکتەرەی بەرهەمهێنانە بە سەر زۆرینەی خەڵکدا بلاو بکاتەوە. هاندەرەکە هەم ئابوورییە و هەم ئایدیۆلۆژیکی: ئاستێکی بەرز و هاوپلە لە زانیاری لە ناو هێزی کرێکار، پێشمەرجێکە بۆ سوێد وەک نەتەوە، بۆ ئەوەی کە پلەی ئابووری و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی خۆی بپارێزێت. لەوە زیاتر بلاو بوونەوەی سەرمایەی زانیاری بە شێوەیەکی یەکسان هەروەها پیشمەرتێکە بۆ یەکسانی لە ناو هاوولاتاندا.

### سیاسەت بە کردەوە

بۆچوونە بە میرات گیراوەکانی سۆسیال دێموکراسی تەنیا بۆچوونە کلاسیکەکانی ئازادی و یەکسانی، یا ئامرازە کلاسیکەکانی شیکردنەوە وەک ڕوانگەی ماتریالیستی لە سەر مێژوو ناگرنەوە. ئەوە بە هەمان ئەندازە پرسی مێژووی سەد ساڵەی حیزبە: لەو فکرانەی کە بە کاریگەریی دوو لایەنە لەگەڵ داخوازییەکانی سیاسەتی بە کردەوە و فێر بوون لە ئەزموونەکان گەشەیان کردوە.

ئێمە دواتر باسی گەشەکردنی سۆسیال دێموکراسی لە هەندێک بواری سیاسییەوە دەکەین. لێرە پێمان خۆشە باسی پرسی کاریگەری دوو لایەنەی ئایدیۆلۆژی و سیاسەتی بە کردەوە بکەین. چونکە کاریگەری دوو لایەنە دەبێ هەبێ: مرۆڤ قەت ناتوانێ لە پێشدا، بە شێوەی تیۆری، بە وردی شێوەی گەشە کردنی کۆمەڵگا دیاری بکات، یا تەنانەت دیاری بکات کە سیستەمی باش دەبێ چۆن بێت. سیاسەتەکان دەبێ بێ پسانەوە تاقی بکرێنەوە، بە ئایدیۆلۆژی وەک ئەستێرەی ڕێ نیشاندەر بەلام بە ئەزموونە پراکتیکییەکان وەک خاڵی دەستپێک بۆ دیاری کردنی ئەو شتانەی کە دەگونجێن و ئەو ڕێگاچارانەی کە ئەگەری جێبەجێ بوونیان هەیە.

هەڵبەت ئەو بیروباوەڕانەی کە باس لە چۆنیەتیی دارشتنی کۆمەڵگا دەکەن خاڵی دەستپێکی سیاسەتن: ئەوان ئەو ئامانجانەن کە ئێمە هیوادارین پێیان بگەین. ئەوە بەو مانایە نیە کە مرۆڤ دەتوانێ دەست بەجێ بە هەموو ئەو شتانە بگات. بە هەمان شێوە ئەوە بەو مانایە نیە کە جیاوازیی نێوان ئایدیالەکان و ڕاستییەکانی ڕۆژانە دەبێ وەک خەیانەت بە ئایدیالەکان لێکبدرێتەوە.

هەموو سیاسەتێک دەبێ خاڵی دەستپێکی پێشمەرتە واقیعییەکان بێت، بە تایبەت کاتێک کە دەگەرێتەوە سەر کاروباری ئابووری. ئێمە ناتوانین چاکسازییەکانی ئەمڕۆ بەو پارەیەی کە ٢٠ ساڵیتر دەمان بێت جێبەجێ بکەین: ئەگەر پێشمەرتە پراکتیکییەکان بوونیان نەبێت باس کردن لە بەنرخیی ئامانجێک سوودی نیە. ئێمە ناتوانین ئەو سنوورانەی کە داخوازییەکانی ژینگە بۆ سیاسەت دیاری دەکەن پشت گوێ بخەین، بۆ وێنە خولی ئابووری (economic cycle) ناونەتەوەیی یا توانای پێشبڕکێی ناوەندەکانی پیشەسازی. هەڵبەت ئێمە دەتوانین لە نێوان ڕێگا جیاوازەکانی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ ئەو سنوورانە یەکیان هەڵبژێرین بەلام قەت ناتوانین ڕاستیی هەبوونی ئەوان پشت گوێ بخەین تەنیا بەو هۆیە کە ئێمە حەزمان لەو داخوازییانە نیە کە ئەوان دەیخەنە سەر سیاسەت.

***

بۆ وێنە دەتوانین باسی ئەو کەم هێنانە زەبەلاحەی بودجە لە نەوەدەکاندا بکەین. ئێمە دەتوانین لە نێوان تێکەلاوێک لە زیاد کردنی باج و کەمکردنەوەی خەرجییەکان بۆ هێنانە خواری ڕێژەی کەم هێنانی بودجە یەکیان هەڵبژێرین و دەتوانین بردنەسەری ڕێژەی باج و کەم کردنەوەی خەرجییەکان بە چەند شێوە دابەش بکەین. بەلام ئێمە ناتوانین ڕێگا بدەین کە ئەو کەم هێنانە هەر وەک خۆی بەردەوام بێت. ئەوە دەبێتە هۆی کێشەی ئابووری کە لە کۆتاییدا زەختی گەلێک بەرچاوتر لە ڕێکخستنی بودجە دروست دەکات.

**"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.**

بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن‌و بەشداریی کوردەکانی عێراق لە حکوومەتی ناوەندی دا وەك یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ئەو، ناسیۆنالیزمی کورد جموجۆڵێکی زۆرتری لە چاو پێشوو لە ناوچە دا بەخۆوە گرتووە، ڕەهەندەکانی ئەو تاکوو ئێستاش لە ڕووبەرێکی بەرفراوانتردا پەرەی گرتوە. بە جورێکەوە دەتوانین بڵێین کە بەشداریی کوردەکانی عێراق لە حکوومەتی ناوەندیی ئەم وڵاتەدا، خاڵێکی وەرچەرخانە لە پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا،و لە ڕاستی دا برگەیەکی زۆر گرنگە کە ناسیۆنالیزمداو پێش لە خۆی لە بواری چەندی‌و چۆنی لە یەك جیا دەکاتەوە. لە ڕاستی دا ئەم برگەیە خاڵێکی دەسپێکی دیکەیە لە دەربڕینێکی دیکە لە چەندو چۆنیی ناسیۆنالیزمێکی دیکەدا.

ئەگەر بمانهەوێ تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس ڕیز بکەین، دەتوانین بڵێین ئەم ناسیۆنالیزمە لەچاو پێش خۆی تایبەتمەندیگەلێکی سەربەخۆخوازانەی زۆرتری لە خۆی پێشان داوە، کە ئەم کارەش هەم لە جۆری وشە سیاسییەکانی ئەودا ڕەنگدانەوەی هەبووەو هەم لە پێکهاتنی حیزب‌و ڕێکخستنی سەربەخۆییخوازدا. لە بواری وشەگەلی سیاسی‌دا هەنووکە ئێمە دەگەڵ وشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باکووری کوردستان، باشووری کوردستان‌و ڕۆژئاوای کوردستان بەرەوڕووین، کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کوردستان لە ڕاستی‌دا یەك وڵات بووە کە بە ناحەق دابەش کراوەو لەسەر ئەم بنەمایە مافی یەکگرتنەوەی دووبارەی بۆ پارێزراوە (دیارە کوردستان هیچ کات لە واتای سیاسیی نوێ دا، وڵاتێکی یەکگرتوو نەبووە، لەبەر ئەوە کە هیچ کات خاوەنی دەوڵەت ـ نەتەوە نەبووە. ئەوەی کە ئەم وڵاتە بەخۆیەوە دیوە بریتی بووە لە هێزە ناوچەییەکانی سەر بە ئیمپراتۆرییە جۆراوجۆرەکان لە درێژایی مێژوودا، کە تەنانەت لەگەڵ یەکتریش بەشەڕ هاتون. کەواتە ناتوانین باس لە دابەش بوونی کوردستان بکەین. دابەش بوونی کوردستان وشەیەکی دروستکراوی ناسیۆنالیستەکانە بۆ پێکهێنانی بیرێکی ناسیۆنالیستی). دیارە ئەم وشانە لەلایەن "پ ك ك"وە بە فەرهەنگی وشەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە زیاد کران، بەڵام لەو سەردەمەدا زۆربەی خەڵك زۆر بە لایانەوە پەسند نەبوو لە ڕاستی‌دا دوای ڕووخانی سەدام بوو کە ئەو وشانە بە شێوەیەکی بەرفراوانتر کەڵکیان لێ وەرگیرا. لە نێو حیزبە سیاسییەکانیشدا دەبینین کە حیزب‌و ڕێکخراوگەلێکی تازە بە ناوی تازەوە هاتوونەتە کایەوە کە بەشێك لەم ڕێکخراوانە لە دڵی حیزبە کۆنترەکاندا هاتونەتە دەرێ، هێندێکی دیکەش تازە دامەزراون. هەروەها لە چاخی پۆست مۆدێرنیستی‌و بە جیهانی بوون (گلۆبالیزاسیۆن)دا کە لەو دا ئامرازی پێوەندی‌و زانیاری بە فراوانی دەست دەکەون،و تارادەیەك هەموو کەس دەستی پێیان ڕادەگا، ئامرازەکانی پێویست بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم ناسیۆنالیزمە سەربەخۆییخوازە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ڕەخساوە،و لەم بارەیەوە ئەم گوتارە دەگەڵ گوتاری پێشووی خۆی کە زۆرتر خودموختاریخواز بووو پشتی بە کۆمەڵێك ئامرازی دیکە بەستبوو، خۆی جیا دەکاتەوە.

دیارە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی سەربەخۆییخوازی کورد بە واتای ئەوە نیە

# روانینێك لە ناسیۆنالیزمی سەربەخۆییخوازی کورد

فەروخ نیعمەتپوور
و. بۆ کوردی: عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور

کە ڕێکخستنی هەڵگری ئەو هەنووکەش لە توانا و هێزی ڕێکخستنە کۆنەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی کەڵك وەردەگرێ، بەڵام توانای گوتارە ڕادیکاڵانەکەی، کاریگەری لەسەر حیزبە کۆنەکانیش داناوە، بە شێوەیەك کە ئەم حیزبانە هەنووکە لە ویستی خودموختاریخوازانە هاتوونەتە دەرێ (یەکێك لە هۆکارەکان)و ڕێگای فیدرالیسمیان هەڵبژاردوە. لە لایەکی دیکەوە ئەوانی ناچار کردوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی باوی خۆیاندا هێندێك جارو تەنانەت زۆرتر، لە وشەگەلی ناسیۆنالیزمی سەربەخۆییخواز پەیرەوی بکەن‌و بەکاری بێنن. لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمی سەربەخۆییخواز خۆی لە پارادۆکسێك کە حیزبە کۆنترەکان گیرۆدەبوون دەرباز کردوە،و ئەوە لە کاتێك دایە کە حیزبە کۆنەکان گیرۆدەی جۆرێك گوتاری پارادۆکسیکاڵن. ئەوان لە لایەك لە وشەگەلی ناسیۆنالیزمی سەربەخۆییخواز کەڵك وەردەگرن،و لە لایەکی دیکەوە لە کردەوەی سیاسیی خۆیان دەروەستی بەرنامە باوەکانی خۆیانن. دیارە ئەم ناتەبایی لە دنیای سیاسەت دا شیاوی پاساوە بەڵام لەوەدا کە قسە لەسەر ناسنامەخوازیی کوردیی ڕەسەنە ئەم حیزبە کۆنانە بەتەواوی ناتوانن وەڵامدەر بن‌و لە ڕاستی دا پراگماتیسمی سیاسییە کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە ڕادیکاڵەی بەوان داوە. بەو واتایە کە هێزی وڵاتانێك کە کوردەکانی تێدان،و هەروەها نەبوونی ئامادەیی کۆمەڵگای جیهانی بۆ وەرگرتنی ناسیۆنالیزمی سەربەخۆییخوازی کوردی، بەردەوام ئەوانی خستۆتە سەر بنەمای ڕاستییەکان. هەروەها مێژووی خەباتی ئەم حیزبانەو ڕیشەدار بوونی ئەوان لە کۆمەڵگای کوردی شتێك نیە کە بە سانایی بتوانرێ لە لایەن ڕادیکالیزمی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە بسڕێتەوە،و لە ڕاستیدا ئەم حیزبانە وەك هەبوویەکی سەربەخۆو بەهێز فاکتۆرگەلێکی هەنووکە چارەنووسازن لە دۆخی هەنووکەیی‌دا.

بەڵام ئەمە کە ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ‌و سەربەخۆییخوازی کوردی تا چەند بنەمای دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی ( جا کوردستان وەك وڵاتێکی سەربەخۆو یەکگرتوو،و یان هەر بەشێکی وەك وڵاتێکی سەربەخۆ) شی کردۆتەوە، قسەی زۆر هەڵدەگرێ. بە ڕوانینێکی کورت لە بارودۆخەکە وا دێتە بەرچاو کە ئەم ناسیۆنالیزمە نە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی هەڵومەرجی ئارایی‌و ڕاستینە، بەڵکوو زۆرتر لە سەر بنەمای خواست‌و ویستێکی دەروونی‌و ڕۆمانتیکی هەڵسوکەوت دەکات،و لەبنەڕەت دا زۆرتر لە سەر دوو پرس پێداگریی کردوە: یەکەم لەسەر بەرنامەکانی ئەمریکا بۆ گۆڕانکاری پێکهێنان لە ناوچەدا (نەقشەی نیوکانەکان)و دووهەم لەسەر خواستێك کە لە نێو بەشێك لە کۆمەڵگا دا لەم بارەیەوە بوونی هەیە. ئەگینا دیار نیە کە میکانیزمەکانی پێکهێنان‌و بە کردەیی کردنی سەربەخۆیی کوردستان چۆنن‌و دەبێ لە چ ڕێگاگەلێکی کردەییەوە تێپەڕن. سەربەخۆیی کوردستان بەر لە هەموو شتێك دەبێ بە واتای بوونی سنوورگەلێکی دیاری کراو بێ کە بۆ جاڕدانی سەربەخۆیی پێویستن‌و ئەوە لە کاتێك دایە کە بە کردەوەو بە یاسایی ئەم سنوورانە بوونیان نیە (لە زۆربەی بەشەکان) و لانی‌کەم دیاری کردنی ئەم سنوورانەش (دیارە لەم بوارەش دا جیاوازیی زۆر لە نێوان بۆچوونی ناسیۆنالیستەکانی کورد دا هەیە) خۆی لە خۆیدا بە واتای جاڕدانی شەڕو پێکدادانی خوێناویە چونکە لە لایەن ناسیۆنالیستەکانی نەتەوەکانی بەرامبەریش سنوورگەلێکی خەیاڵی دێنە کایەوە کە بە تەواوی ناتەبایی لەگەڵ سنوورەکانی جێی پەسندی ناسیۆنالیستەکانی کورد هەیە. ئەو بابەتە بەتایبەت سەبارەت بە ئێران‌و کوردستانی ئێران ڕاستە. لەبەر ئەوە کە لەم ناوچەیە هەزاران ساڵە کە نەتەوەو قەومەکانی ئەم نیشتمانە دەگەڵ یەکتر دەژین‌و تێکەڵاوییەکی ئیتنیکیی توندیان هەیە، هەر چەشنە کارێك بۆ جیاکردنەوەی سنوورەکان لانیکەم لە دەستپێکدا بە واتای هەڵگیرسانی شەڕگەلێك دەبێ کە لەوانەیە کۆتایی ئەو شەڕانە پێش بینی نەکرێ. ئەگەر ناسیۆنالیستەکان لەسەر کاری جیا کردنەوەی سنوورەکان پێداگری دەکەن لانیکەم ئەم پرۆژەیە پێش لە دەست پێکردنی پێویستی بە پێکهێنانی هەڵومەرجی دێموکراتیك هەیە کە لەودا خەڵك گەیشتبێتە ئەو ڕێژەیە لە کولتووری سیاسی کە بتوانن لە قۆناغەکانی دواییدا لە ڕێگای سندووقی دەنگەوە دوور لە شەڕو خوێنڕێژی ئەو پرسە یەکلایی بکەنەوە. هەروەها دیار نیە کە لە هەلومەرجێکدا کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی هەر جار نا جارێك لە نێوخۆیدا تووشی لەتبوونی زیاتر دەبێ‌و هەنووکە ئیرادەیەکی سیاسیی یەکگرتوو لە دەوری پرۆژەیەکی سیاسی تایبەت نەهاتۆتە کایەوە، چۆن دەتوانرێ لەوەها کەشێکی پرش‌و بڵاودا بچین بەرەو پیلی هاتنە کایەی خواستی ناسیۆنالیستە ڕادیکاڵەکان. لە هەلومەرجێکدا کە بیری نەتەوەیی خاوەنی یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی ـ سیاسی نیەو ئیرادەیەکی یەکگرتوو دروست نەبووە چۆن دەتوانین دەست بەرین بۆ پراکتیزە کردنی بابەتی سەربەخۆیی؟ وەها دێتە بەرچاو کە ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵی کوردی نە تەنیا بڕوای بەم بابەتە نیە، بەڵکوو ئێستا لە ڕێی بەرەوپێش بردنی کەشێکی ناسیۆنال ـ ڕۆمانتیکی بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات، لە هەوڵی داگیرکردنی تەواوی کەشی ئێستاو دواتر کردەیی کردنی بەرەوپێشچوونەکانی دواترە. بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە لە نێوان ڕەوتە جیاوازەکانی ئەم ناسیۆنالیزمەش هاوئاراستەیی‌و پێکەوە گونجاویی کردەیی بوونی نیەو ئەم بابەتە گومانی زۆرتر دەخاتە سەر هاتنە دیی بەرنامەکانی ئەوان. لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانین بڵێین کە وشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕۆژئاواو... کە وشەگەلێکی دڵخوازی ئەم ناسیۆنالیزمەن، نیشان دەری ویستێکی بە هێزی پان ـ کوردیستین کە ڕیشەیان لە هەمان چەشنە ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی دایە کە لە کاری ڕوونکردنەوەو شیتاڵکردنی ناسیۆنالیزم دا، لایەنی کولتوورو زمانیان زەق دەکردەوەو ئەمە لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی جۆری فەرانسەیی دا بوو کە لەودا لایەنی هاووڵات بوون بایەخی هەبوو. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمەی کە خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ فکری شۆڤێنیستی هەیە مرۆڤ دەخاتەوە بیر پان عەرەب‌و پان تورك گەلێك کە هەموو عەرەبەکان‌و تورکەکان بە یەك میللەتە دەزانن،و ئەمە هەر ئەو ویستانەن کە خواستەکانی مافخوازانەی کوردەکان‌و زۆربەی میللەتەکانی ژێر چەپۆکی خۆیان سەرکوت کردو سەرکوت دەکەن‌و هەڵیان فریواندن‌و لە بنەڕەتدا شوناسێکی تایبەت بۆ خۆیان دادەنێن.

ئەگەر لە سەر بنەمای ئەم جۆرە تێگەیشتنە ناسیۆنالیزمی کوردی (جۆرە ڕادیکاڵەکەی) خەریکی پێناسە کردنەوەی بەرینتری بە میللەتەکان‌و دەوڵەتەکان بین دەتوانین بڵێین‌و دەبێ قبووڵی بکەین کە گۆی زەوی دەبێ لە سەر بنەمای هاوزمانی لە نوێوە دابڕێژرێتەوەو بۆ نموونە هەموو عەرەبەکان یەك وڵات دروست کەن، هەموو تورکەکان وڵاتێك، هەموو فارسەکان وڵاتێك‌و تادوایی!و ئەمە لە کاتێك دایە کە پرۆژەکانی پێکهێنانی دەوڵەت، ئەگەر بە پێدراوە مێژووییەکان پاساوی بۆ بێنینەوە، تەنیا لە سەر بنەمای فاکتۆری زمان بەرەوپێش نەچوون لەگەڵ ئەمەش دا ئاخۆ ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە ئەگەر ڕۆژێك یەکێك لە کەمایەتییەکانی نێوخۆی خوازیاری سەربەخۆیی بێ، ملی بۆ ڕادکێشێ؟

هەر ئێستا زۆربەی بیردۆزەکان قسە لەسەر گلۆبالیزاسیۆن، کوسمۆپۆلیتیسم (جیهان نیشتمانی)و سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم دەکەن، و ئەم ڕووکارانە وەك تایبەتمەندیی دەورانی ئێمە دێنە بەرچاو. لەوەها هەلومەرجێك دا بە پێی پێناسەی ئەوان لە دەوڵەت ـ نەتەوەکانی ئێستا ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر بوونەتەوەو لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەت ـ نەتەوانە زۆر لە تواناییەکان‌و بیاڤە ئارایی‌و کلاسیکییەکانی خۆیان لەدەست داوە یان دەدەن (ئۆلریچ یەکێك لەم بیردۆزانەیە). بە بڕوای ئەوان لە وەها هەلومەرجێك دا شوناسە ناوچەییەکان زەق دەبنەوە، بەڵام هەر لەو کاتەدا ئەوە بە واتای ئەوە نیە کە هێزی ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانەی ئێستا بۆ هەمیشە بسردرێتەوەو پەرش‌و بڵاو بن. بە پێچەوانەوە، تەنانەت ڕەوتی گلۆبالیزاسیۆن بە جۆرێك ئەم دەوڵەتانە لە هێندێك بواردا بەهێزتریش دەکات. بەڵام ئەوەی کە دەبێ ئەم دەوڵەت ـ نەتەوانە ملی بۆ ڕاکێشن بێجگە لە قبوڵ کردنی ژمارەیەك دامەزراوە یان نەتەوەییەکان، قبووڵ کردنی جۆرێك پلۆرالیسمی فەرهەنگی‌و کولتوورییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەپاندنی یەك لایەنەی فەرهەنگ‌و کولتوورێك کە پێشتر دەبوو کردەیی بێ.

لە بەستێنێکی ئەوتۆ دا، کەواتە گۆڕانکارییەکان نە لە ڕێگای پێکهێنانی بەردەوامی دەوڵەت ـ نەتەوە نوێیەکان، بەڵکوو لە بنەڕەتدا ( لە سەر ئەم وشەیە پێداگری دەکەم) لە سەر بنەمای پێکهێنانی فرەچەشنی‌و پلۆرالیسم لە پێکهاتەی دەوڵەت ـ نەتەوەکانی ئێستا دا بەرەوپێش دەچن. تایبەتمەندیی سەرەکیی گلۆبالیزاسیۆن تێکەڵاو بوونی زۆرترو پەیوەست بوونی زۆرتری ناوچەکانە لەگەڵ یەکترو ئەمە لە کاتێك دایە کە پێکهێنانی بەردەوامی دەوڵەت ـ نەتەوە نوێیەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان دژی وەها ڕەوتێکە. کەوایە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین‌و دیارە وادێتە بەرچاو کە چارەسەر کردنی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتەکاندا لە بنەڕەت دا لە ڕێگای پێکهێنانی پلۆرالیسم لە دەسەڵات دا ڕێگەی بۆ دەکرێتەوە. پلۆرالیسمێك کە مل کەچ بێ بۆ فرەچەشنیی فەرهەنگی‌و زمانی‌و دەسەڵات دیسانترالیزە بکات. کەواتە ناسیۆنالیزمی ڕادیکاڵ لە زۆربەی ڕووکارەکانی دا دژی وەها ڕەوتێکەو لە بنەڕەتدا لە ڕووکارەکانی دا ناتوانێ هیچ داهاتوویەکی هەبێ.




پەڕیڤ

# پێکگەیشتنی دوو شێوە ڕوانین، بەڵێ یان نە

ن: ڕەحمان سەلیمی
و. بۆ کوردی سامان کۆنەپۆشی

سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی چەمك‌و کاریگەریی بزاڤێکی سیاسی‌و گونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان‌و ئەکتیڤ بوون لە بیاڤە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا کارێکی پێویست‌و هاوکاتیش ژیانەکییەو، دەبێتە هۆی پاساودانەوەو ڕەوایەتی بەردەوامی خەبات‌و دەستەبەربوونی ئەمەش بەستراوەتەوە بە وەخۆ گرتنی بەشێوەیەکی ئاوەزمەندانەی ئەو کەسایەتی‌و ڕەگەزە سیاسییانەی کە لە گۆڕەپان دان.

پێشبینیی ڕەهەندە ئەرێنی‌و نەرێنییەکانی ئەم ریسك گەلەش بەستراوەتەوە بە شارەزایی‌و ناسینی زانستی‌و تیۆریکی بیاڤی گشتیی کۆمەڵگە لە هەموو ڕەهەندەکانی‌دا. لە ڕوانگەیەکی لەم چەشنەدا سیاسەت وەك چەمکێکی بیاڤی ئۆبژێکتیڤ ڕووبەڕووی دەسکەوت‌و نوشوستیگەلێکی یەك لە دوای یەك دەبێتەوەو، دەرنجامی دەسکەوتەکان نیشاندەری پێگەی کۆمەڵایەتی‌و جەماوەریی ئەکتەرە سیاسی‌و شوێندانەرەکانە لە سەر ڕووداوە سیاسییەکان.

ئەوەی لەم نووسینەدا گرینگیی پێ دەدرێ هەڵوەستەیەکی خێرایە لە سەر ئەو ڕەوت‌و کەسایەتییە سیاسییانەی خۆرهەڵاتی کوردستان کە لە گۆڕەپانی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی دان‌و هەروەها وەڵامدانەوە بەم پرسیارەی کە بۆچی ئەم ڕەوتگەلە لە دەیەی ڕابردوودا لە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی کوردستان تەریك کەوتوونەتەوەو نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان وەك ڕێبەریی بزاڤی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی بگێڕن؟

بەر لەوەی کە بچمە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە پێشەکی ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە لەم نووسینەدا خۆمان بەو فاکتەرە دەرەکییانەوە خەریك ناکەین کە شوێن لە سەر لاوازیی کارتێکەری‌و بێ‌توانایی لە زیندوو ڕاگرتنی بزاڤی نەتەوەیی لە لایەن ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکانەوە دادەنێن. لەم بوارەدا بۆچوونگەلێکی جیاواز لە ئارادان‌و بە باوەڕی من هێنانەکایەی بەردەوامی ئەم فاکتەرانە ئاماژە بە هەوڵێك دەکات کە دەخوازێت بە جۆرێك لاوازی‌و کەموکوڕییەکانی ئەم کاراکتەرانە حەشار بدات‌و نوشوستی‌و نایەکگرتوویی بزاڤی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستان‌دا پاساو بداتەوە. هەنووکە پێویستیی خوێندنەوەیەکی مودێڕن و لێڕوانینێکی کارکردگەرایانە لەم خەسارگەلە پتر لە هەر کاتێکی دیکە خۆی دەنوێنێت.

دەتوانین ئەو دیسکۆرسە سیاسییەی کە لە بیاڤی خەباتی ناسیونالیستیی خۆرهەڵاتی کوردستان دایە بە سەر دوو بەشی حیزبە سیاسییەکان لە لایەك‌و بژاردەو ڕووناکبیران‌و کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆکان لە لایەکی دیکەدا دابەش بکەین. دیسکۆرسی زاڵی حیزبە سیاسییەکانی خۆرهەڵات بە دەست دیاردەیەك بە ناوی خوێندنەوەیەکی نازانستیانە لە واقیع بینیی سیاسییەوە دەناڵێنێت‌و بە لێڕوانینێکی تاك ڕەهەندی بۆ گۆڕانکارییەکانی ئێران‌و بەرتەسك کردنەوەی زەینی‌و نازانستیانەی کەشوهەوای خەباتی نەتەوایەتی، دەخوازێت ئەم ڕوانگەیە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا بسەپێنێ کە سەردەمێکی زێڕین بە ڕێگاوەیەو دەتوانین بە پاراستنی ئەو دۆخەی کە هەیە ڕۆڵی مێژوویی خۆمان لەو گۆڕانکارییە شیمانەییانەدا بگێڕین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە ئێران ڕوودەدەن‌و هەموو کات هەوڵ دەدات ئەو فاکتەرە دەرەکییانە زەق بکاتەوە کە شوێن لە سەر چالاك نەبوونی بزاڤەکە دادەنێن.

بە هەڵوەستەیەکی کورت لە سەر ئەدەبیاتی سیاسیی ڕێبەرانی حیزبەکان بە هاسانی دەتوانین قامك لەسەر ریالیزمی ساکاربینانەی ئەم حیزبانە دابنێین‌و لەم ڕاستییە بگەین کە گوتارو نووسینە. مزگێنی بەخشەکانیان تا چ ڕادەیەك لە پێناسە کردنی ڕۆڵی خۆیان لە هاوکێشە سیاسییەکان‌داو کارکردەکانیان لە پێکهێنانی گۆڕانکاری‌و بەستێن سازیی ڕاستەقینەو فرەڕەهەند لە ڕاستای چالاك کردنەوەی ئەو پۆتانسیەلانەی لە خۆرهەڵاتی کوردستان دان، هەژارو واق وڕماوانەیەو، هەر خودی ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە لە شیکردنەوەی توانایی‌و لێهاتووییەکان‌و بێ‌توانایی لە ئاراستە بەخشین بە پۆتانسیلە نێوخۆییەکان‌و سەرەئەنجام ئەو لەتبوون‌و لێکدابڕانە پێناسە

درێژە لە لاپەڕەی ٨

# چاوخشاندنێك بە كورتەمێژووی بەڕێوەچوونی ڕۆژی جیهانیی ژن لە ئێراندا

نووسینی: زێنەب پێغەمبەرزادە
وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

ڕێزگرتن لە هەشتی مارس لە ڕۆژئاوا مێژینەیەكی سەد ساڵەی هەیەو ساڵانێكە لە زۆربەی ناوچەكانی دنیا لەو ڕۆژەدا باس لە دۆزەكانی ژن دەكرێ. لەو وتارەدا تیشك دەخەینە سەر هەوڵی ژنانی ئێران بۆ باس كردن لە كێشەكانیان لەو ڕۆژە داو هەورازو نشێوەكانیان لەو پێناوەدا تاوتوێ دەكەین.

**سەردەمی مەشرووتە، دەسپێكی ڕێگەیەك**

ئەوە "كۆمەڵەی راسپاردەی بەختەوەریی ژنان" بوو كە لە بەرەبەری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی دا بۆ یەكەمین جار، ٨ مارسی وەك ڕۆژی جیهانیی ژن بە فەرمی ناسیو ڕێورەسمەكەی لە شاری ڕەشت بەڕێوەبرد. (ناهید، ١٣٦٠: ١١٣) ئەو ڕێكخراوەیە یەكێك لەو دەیان ڕێكخراوی ژنانی دیكە بوو كە پاش مەشرووتە بە مەبەستی وشیار كردنەوەی ژنان بە دامەزراندنی قوتابخانەی كچانەو دەركردنی بڵاوكراوە بیچمی گرت. "كۆمەڵەی راسپاردەی بەختەوەریی ژنان" گرووپێك لە ژنانی چەپی گیلان پێكیان هێنابوو كە پۆلی گەورەساڵان (ئەكابیر)، سەرەتایی، كتێبخانەو شوێنی خوێندنەوەی بۆ ژنانی ڕەشتو ئەنزەلی دابین كردبوو بڵاو كراوەی راسپاردەی بەختەوەریی "ژنان"ی شی دەردەكرد. ئەو كۆمەڵەیە چەند ساڵ لە سەریەك ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانیی ژنی بەڕێوەبرد. لە سەردەمی ڕەزاشادا دامەزرێنەرانی ئەو ڕێكخراوەیە وەك زۆربەی چالاكانی دیكەی ژن، خرانە بەندیخانەوە. (سانا ساریان ١٣٨٠: ١٦٥)

ڕێكخراوی رابوونی ژنانیش كە لە كۆمەڵەی ژنانی نیشتمانپەروەر جیاببۆوە، ساڵی ١٣٠٦بە " شانۆی كچی قوربانی" (شانۆنامەیەك لە نووسینی میرزادەی عیشقی) ڕێزی لە ٨ی مارس گرت. ئەو سەردەم ژنان بۆیان نەبوو بچنە هۆڵی شانۆو سینەما، كەوابوو ئەو شانۆیە یەكەم نواندنێك بوو كە بۆ ژنانو لە لایەن ژنانەوە ئامادە كرابوو. ئەو شانۆیە بە مەبەستی كۆكردنەوەی یارمەتیی ماڵی، بۆ بڵاوكردنەوەی گۆڤاری ژنانی نیشتمانپەروەر و كردنەوەی پۆلی گەورەساڵان بۆ ژنان، لە ماڵی (نورلهدی منگنە) كە یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بوو بەڕێوەچووو بیتاقەكەشی (تیكیت) بەناوی كارتی زەماوەندەوە ڕاكێشراو فرۆشرا. ئیدارەی (نظمیە) دەیویست ڕێورەسمەكە تێك بداو بەكرێگیراوانیش قسەی ناخۆشو تاڵیان بە ژنانی بەشداری شانۆكە دەگوت. (بامداد،٥٦)

**شۆڕشو دوورخستەوە بۆ بیاڤی تایبەتی**

٨ی مارسی ١٣٥٧ ژمارەیەكی زۆر لە ژنان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی سڕینەوەی یاسای پشتیوانی لە خێزان، قەدەغەی دادوەریی ژنانو خۆداپۆشینی (حجاب) زۆرەملی لە تارانو هێندێك لە شارەكان ڕژانە سەر شەقامەكان.(ئەردەڵان ١٣٨٠:١٦٥) پاش بە توندوتیژی كێشرانی یەكەم ٨ی مارسی دوایی شۆڕش، بۆ چەندان ساڵ ٨ی مارس بۆ بیاڤی كەسێتی دوورخرایەوە. تەواوی دەیەی ٦٠، ٨ی مارس لە دانیشتە لێكۆڵینەوەیی چالاكانی ژنو لە ماڵەكاندا یادی لێ دەكراوەو ڕێزی لێدەگیرا.

ئەو دۆخە تا سەردەمی چاكسازی بەردەوام بوو. لە جیاتی ئەوە، ڕۆژی لە دایكبوونی حەزرەتی زارا وەك ڕۆژی فەرمیی ژن بەسەر ژنانی ئێران داسەپا. ساڵی رابردووش ڕۆژی لەدایك بوونی حەزرەتی مەعسوومە بە ڕۆژی كچ ناودێر كرا. بۆ ئەوەش ئەوەیان بە بەڵگە دێنایەوە كە ئەوان بە كچێتی مردوون. لە ڕۆژی ژنی كۆماری ئیسلامی، باسێك لە كێشەكانی ژن لە ئارادا نیە. بەڵكوو بەردەوام پێویستیی فیداكاریو لێبووردەیی ژنانیان بەگوێدا دەخوێنن.

**گەڕانەوە بۆ بیاڤی گشتی لە كۆتایی دەیەی ٧٠دا**

ساڵی ١٣٧٨، دوای چەندین ساڵ، ڕێورەسمی ٨ی مارس لە شوینی گشتی بەڕێوە چوو. ئەگەرچی ئەو ڕێورەسمە لەلایەن




گرووپە جۆراوجۆرەكانی ژنانەوە بەڕێوە دەچوو، بەڵام لەبەر پێویستیی وەرگرتنی ئیزننامە، ئەنجومەنی فەرمی بڵاوكردنەوەی گەشەو بڵاوكردنەوەی ڕووناكبیریو لێكۆڵینەوەی ژنان، بەرپرسایەتییەكەی گرتە ئەستۆ.

ساڵی دواتر" ناوەندی فەرهەنگیی ژنان" وەك یەكێك لە یەكەمین ڕێكخراوە ناحكوومییەكانی ژنان لە سەردەمی چاكسازیدا، ڕێورەسمی ٨ی مارسی لە خانەی هونەرمەندان گرت. ئەو بەرنامەیە كە بە شێوەیەكی، ژنانە و ناسانترالیزە بەڕێوە دەچوو، ئەم بەرنامانە پێشكەش كران: مووزیكی "موتریبی" لە ڕێرەوەكاندا لەلایەن كچە لاوەكان، پێشانگەی نەقاشی ژنانی هونەرمەند، ڕێزگرتن لەو ژنانەی توانیویانە ژیانیان بگۆڕن، وتەبێژیی چالاكانی ژن، پێشاندانی كورتە فیلم، فرۆشتنی كارت پۆستاڵ كە تێیدا داوا كرابوو دەوڵەت پێوەست بە كونڤانسیۆنی سڕینەوەی جیاوازی دژی ژنان ببێ، هەڵبەت دەبێ بگوترێ ئەو كارناڤاڵە ژنانەیە ڕووبەڕووی لەمپەرگەلێكی زۆر بۆوە. لە دوایین ساتەكانیدا پێشیان بە بڵاوكردنەوەی فیلمەكان گیرا و بڕیار درا ناوی ناوەندی كلتووری ژنان لەسەر پلاكاردەكان پاك بكرێتەوە. و.... ( ئەحمەدی خوراسانی، ١٣٨٠، ٢٠٨ ـ ٢٢٠)

**دەیەی ٨٠ هاتنە سەر شەقامەكانو ڕەگاژۆیی بۆنێو زانكۆكان**

ساڵی ١٣٨١، ٨ی مارس گەڕایەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی واتا شەقامەكان. هاوكات لەگەڵ هێرشی ئەمریكا بۆسەر عێراق ناوەندی فەرهەنگیی ژنان بە وەرگرتنی ئیزننامە لە پارێزگەی تاران میتینگێكی ناڕەزایەتیی لە باخی گشتی (پارك) لالە پێك هێنا. ئەو كۆبوونەوەیە بە بڕیاری هێزی ئینتیزامی بەجێی ئەوەی لە دەوروبەری مەلەوانگە بگیرێ بۆ شوێنی ئامفی تیئاتری سەربازی پاركی لالە گوازرایەوەو لە ژێر چاوەدێریی توندی پۆلیسی دا بەڕێوە چوو. بەڵام ئەو كۆبوونەوەیە كە بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین دژی توندوتیژی سەر ژنان پێكهاتبوو، گۆڕا بە توندوتیژی دژی ژنانو هێندێك لە بەشدار بووانی كۆبوونەوەكە دەستبەسەر كران. (هەمان سەرچاوە، ١٣٨٥: ١٩)

دوای كۆبوونەوەی ٨ی مارسی ١٣٨٤ لە باخی خوێندكاران، كۆبوونەوەی ساڵی ١٣٨٥یش لە بەرانبەر پارلەمان، بە بەشداری گرووپە جۆراوجۆرەكانی ژنان پێك هات، بەڵام بەلێدانو هەروژمو دەستبەسەر كرانی بەشدار بووان بەدەست پۆلیسی ژن كۆتایی پێ هات.

بەڵام ڕێورەسمی ٨ی مارس لەو ساڵانەی دواییدا سەرەڕای هەستاندنەوەی ئیزننامەكان، ڕێگری كردن لە هەمبەر وتەبێژییەكانو ئەو فیلمانەی ئیزنی بڵاوكردنەوەیان پێنادرێ، خوێندكاران بە داهێنانی ژنانەییەوە هەر چۆنێك بێ لە زانكۆكانی سەراسەری وڵات دا ڕێز لەو ڕۆژە دەگرن.

لە ساڵی ٨٤ لە حاڵێك دا ٦ ڕێورەسمی خوێندكاریی ٨ی مارس بەڕێوەچوون كە لانیكەم ئیزننامەی ٥ ڕێورەسمی دیكە هەستاندراوە. (حەبیبی، ١٣٨٥:١٣) ساڵی ٨٥ یش لە زۆربەی زانكۆكان گرووپە جۆراوجۆرەكان بۆ پێك هێنانی ڕێورەسمی ڕۆژی ژن داوای ئیزننامەیان كرد، بەڵام ئەو كەشەی دوای گرتنی چالاكانی ژنان هاتە ئاراوە، زۆربەی ئیزننامەی زانكۆكانی ڕەت كردەوە. پێك هێنانی ڕێورەسم لە بەرەبەرەی ٨ی مارس لە گرووپێكی-تری زانكۆكان قەدەخە كرا. سەرەڕای ئەوەی كە ٥ ڕێورەسم ئیزننامەیان لێی ئەستاندرایەوە، بەڵام بەو حاڵەش ٩ ڕێورەسمی دیكە پێكهات. (ئەفزەلیو پێغەمبەر زادە، ١٣٨٦: ٢٦ـ ٢٨)

هەڵبەت هەمووی ئەوانەش، پاش لە پەراوێز خستنی هێندێك لە وتەبێژان، فیلم، پێشانگەو كار لاوەكییەكانو تەنانەت گوازتنەوەی شوێنیان لە هۆڵە گشتییەكانەوە بۆ نوسینگەی ڕێكخراوەكان ئیزنی بەڕێوەچوونیان پێ درا. ئەو خوێندكارانەی كە نەیانتوانیبوو ئیزننامە وەرگرن، هەوڵیان دا بە پێك هێنانی تریبوونی ئازادو كۆبوونەوە یان بڵاوكردنەوەی بروشور، گوڵ، شیرینی، ئەو ڕۆژە لە هاوپۆلییەكانیان پیرۆزبایی بكەن.

## پەیامی پیرۆزبایی یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران

بەبۆنەی ٨ی مارس

ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە جیهان دا

ژنانی خەبات كار و كۆڵ نەدەری جیهان:

یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستانی ئێران بە ناوی هەموو ئەندامان ولایەنگرانیەوە، بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە جیهان، پیرۆزبایی لە سەرجەم ژنانی جیهان بەگشتی و ژنانی ئێران و كوردستان بەتایبەتتی دەكا.

لەو ڕۆژە مەزنەدا سەری ڕێزو وەفا بۆهەموو ئەو ژنە خەباتكارو خۆڕاگرانەی كە لە پێناوی هەوڵدان بۆ دەستبەر بوونی مافە ڕەواكانی ژنان و دابین كردنی عەداڵەتی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵ و خێزاندا گیانی خۆیان پێشكەش كردووە و بوونەتە قوربانی دادەنەوێنین.

یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی كوردستان لە یادی تێپەڕبوونی یەك سەدە بەسەر ئەم ڕۆژە مێژوویی یە، دەنگی خۆی تێكەڵ بە دەنگی سەرجەم ژنان لە جیهان وخەباتی خۆی لەگەڵ سەرجەم خەباتی ڕێكخراوەكانی ژنان لە جیهان و بەتایبەت لە كوردستان و ئێران گرێ دەدات و بەڵێن و پەیمان لەگەڵ ژنانی كوردستان نوێ دەكاتەوە و تا وەدی هاتنی ئامانجە بەرز و ئینسانیەكانی ژنان لە خەبات و تێكۆشان نەوەستێ، لە هەمان كاتدا یەكیەتیی ژنانی كوردستانی ئێران داوا لەژنانی ئێران و كوردستان دەكا بۆ دەستبەر بوونی مافەڕەواكانیان زیاتر هەوڵ بدەن و بۆسەقامگیر كردنی ئازادی و دێموكراسی لە ئێران تێبكۆشن، چونكو گەیشتن بە ئازادی هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگایەك لە گرەوی گەیشتنی ئەو كۆمەڵگاییە بە ئازادی و دێموكراسی دایە.

پیرۆز بێ ٨ ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان

یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی
كوردستانی ئێران
٢٠٠٨/٣/٨

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموكراتی كوردستان كۆببنەوە**

# KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 482 19 March 2008

مالْپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 12303 - Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


# راپۆرتێکی وێنەیی لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان














بەر لەماڵاوایی

## هاوبەشی لە هەرەوەزی بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتردا

قادر وریا

**ئەم نووسینە لە رێورەسمی دەست پێکردنی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خوێندرایەوە**

خوشکو برایانی بەرێز!

میوانان، ئەندامانی بەرێزی کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

لە ساتەوەختێکی مێژووسازداو، لە بۆنەیەکی گرنگو مێژوویی‌و پیرۆزو خۆش دا لە دەوری یەك کۆبووینەوە بۆ ئەوەی پێکەوە کۆنگرەی چاردەیەمینی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست پێبکەین.

ئێوە ژنانی ئاگاو چالاك‌و یەکسانیخواز، ئێوەی تێکۆشەرانی دێرینی نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە درێژەی تەمەنی هەر دوو رێژیمی شایەتی‌و کۆماری ئیسلامی‌دا، چ لە بەندیخانەکان، چ لە چیا سەرکەشەکان‌و چ لە دەربەدەری‌و دوورەوڵاتی‌دا سەمبولی خەبات‌و خۆڕاگری بوون، ئێوە رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ کە بە بیرو قەڵەمی بوێرتان رێنوێن‌و رێ‌روونکەرەوەی خەباتی حیزبەکەتان‌و نەتەوەکەتانن، ئێوە لاوانی تێگەیشتوو کە قۆڵتان لە زرگار کردنی نەتەوەکەتان بە بیرو میتۆدی نوێوە هەڵماڵیوە، ئێوە بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، کە بەردەوامیی حیزبمان‌و بەرەوپێشچوونی خەباتی خۆمان‌و نەتەوەکەمان بۆ ئازادی، بەرهەمی رەنج‌و تێکۆشان‌و خۆبەختکردنی ئازیزە نەمرەکانتانە، هەمووی ئێوە بەگشتی کە هەرکامێکتان‌و هەر تەیف‌و توێژێکتان سەمبول‌و نموونەو نوێنەری سەدان‌و هەزاران مرۆڤی وەك خۆتان تێکۆشەرو سەربەرز لە نێو حیزبی دێموکرات‌و نەتەوەکەتان دان، لە بنکە جۆراوجۆرەکانی پێشمەرگەوە، لە کەمپ‌و شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستانەوە، لە شارو پێتەخت‌و وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانەوە، تەشریفتان هێناوە، تا پێکەوە لەم ساتەوەختەدا شادیی دەست پێکردنی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەر خۆمان دا دابەش بکەین‌و تاجی شانازیی بەشداری لە بنیاتنانی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزبمان دا، لە سەر خۆمان دابنێین.

خۆشی لە خۆمان کە شایەدو بەشداری ئەم بۆنە گرنگو چارەنووس سازەین. خۆشی‌و شانازی‌و سەربەرزی بۆ ئێوە کە لەم رێوڕەسمەدا بەشدارن، بۆ هاوڕێیان، هاوخەباتان‌و هاوئامانجەکانمان لە سەرانسەری کوردستان‌و لە سەرانسەری جیهان دا کە بە هەوڵ‌و تێکۆشانی بێوچانیان، کاریان بۆ پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیە کردوەو ئێستاش دڵیان لەگەڵ دڵی ئێمەدا لێ دەداو هیوایان بە ئێمە بەستوە تا ئەم کۆنگرەیە هەر بەو جۆرە کە هەموو دۆستان‌و دڵسۆزان ئارەزوو و چاوەڕوانی دەکەن، سەرکەوتووانە بەرێوەببەین.

کۆنگرەی ١٤ بەردی بناخەی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا دادەنێ. ئێوەی بەرێز کە لە دەسپێکی ئەم کۆنگرەیەدا ئامادەن‌و، لە برگەکانی دیکەی کاروباری ئەم کۆنگرەیەش دا، رۆڵ‌و ئەرکتان لە سەر شان دەبێ، حەقتانە بە خۆتان بنازن.

هەمووشمان لە سەرمانە بریسکەی روانین‌و ترپەی لێدانی ئەو میلیۆنان چاوو دڵەی لەم ساتەوە تا کۆتایی کۆنگرە، بە هۆمێدو تاسەوە لەگەڵمان دان ببینین‌و ببیسین‌و، وەڵامی شایانی گەورەیی ئەم کۆنگرەیە، گەورەیی ئەم حیزبەو گەورەیی ئەم نەتەوە وشیارو ئازادیخوازەیان، پێبدەینەوە.

خۆشەویستان!

ئێستا کە کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی ١٤، شانازیی بەرێوبردنی رێوڕەسمی دەست پێکردنی کۆنگرەو ئەرکی بەخێراتن کردنی ئێوەی بەرێزی بە من داوە، رێگام بدەن بە نوێنەرایەتیی ئەم کومیتەیە، لە قووڵایی دڵ‌و سۆزو هەست‌و هزری ئازادیخوازیمەوە، بەخێرهاتننتان بکەم. بۆ رێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەو، بۆ بەشداریی چالاکانەو بەرپرسانە لەم کۆنگرەیەداو، بۆ هاوبەشی لە هەرەوەزی بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و خەباتی نەتەوەیی، رزگاریخوازانەو دێموکراتیك لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەخێر بێن قەدەمتان خێرو، حوزوورتان سەرچاوەی چالاکی‌و بەرهەم‌و، کانگای تین‌و گوڕ دان بە کارەکانی ئەم کۆنگرەیە بێ.

جارێکی دیکەش بەخێر بێن.